# سیاسەتی دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری بەرانبەر بە ململانێی هۆزەکانی ئێڵی بڵباس (١٨٨١-١٩١٤)

د. بەختیار مصطفی هومر
بەڕێوبەریەتی پەروەردەی ڕانیە- هەرێمی کوردستانی/ عیراق
پ. هـ. د. دڵشاد محمود عبدالرحمن
زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر- هەرێمی کوردستانی/ عیراق

**پوختە:**

ئێڵی بڵباس هاوشـــێوەی ئێڵ و هۆزە کوردەکانی دیکە بە درێژایی چەندین ســـەدە بونیادی ســـیاســـی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی کوردییان پێکهێناوە، هاوکات دامەزرێنەر و بڕبڕەی پشـــتی میرنشـــینە کوردییەکانیش بوون و ڕەنگڕێژی ســـەرجەم کایەکانی ژیانی کوردســـتانیان کردووە، هەربۆیە هۆزایەتی ئاراســـتەکەری مێژووی کورد و کوردســـتان بووە و کاریگەری گەورەشـــی بەســـەر ڕەوتی ڕووداوەکانی ناوچەکەدا هەبووە، لە کۆمەڵگەی کوردســـتاندا تاک لە چوارچێوەی هۆز و ئێڵەکەیدا خۆی بینیوەتەوە و کەســـایەتی و ژیانی پارێزراو بووە، بڕیار و ســـیاســـەتی ســـەرۆک هۆز نوێنەرایەتی بۆچوونی ســـەرجەم ئەندامانی هۆزەکەی کردووە، ئەم باڵادەســـتییە ڕەها و ژینگە هۆزایەتییەش لایەنی باش و خراپی بەســـەر مێژووی کورد و کوردســـتاندا بەجێهێشتووە.

هۆزایەتی ئەگەر هۆکارێک بووبێت بۆ بەهێزی و یەکڕیزی و پاراســـتنی ئەندامان و کلتور و دابونەریتی کۆمەڵگەی کوردی، هاوکات هۆکارێکیش بووە بۆ لاواز بوون و بنکۆڵکردنی میرنشینە کوردییەکان و ڕێگریش بوون لەبەردەم دەرکەوتن و گەشـــەکردنی هەر جوڵانەوەیەک، لە کوردســـتاندا، کە ئامانجی دەربازکردنی کۆمەڵگە بووبێت لە هەژموونی هۆزایەتی و خێڵگەرایەتیدا، دەوڵەتانی عوســـمانی و ئێرانیش بە هۆی سیاسەتی دەستێوەردانیان لە کاروباری هۆزەکان توانیویانە ناکۆکی و ململانێی بەردەوام لە نێوانـدا دروســـــت بکەن و دووریـان بخەنەوە لە یەکێتیی و

یەکگرتوویی و بیری نەتەوەیی، هەروەها بەکاریان بهێنن لە پێناوی بەرژەوەندی حکومەتی ناوەندی و سوود لە توانا سەربازی و ئابوورییەکانی هۆزەکان وەربگرن بۆ ساغکردنەوەی ئەو ململانێ درێژخایەنەی لە نێوان عوسمانی و ئێرانییەکاندا هەبوو، بە تایبەتی لە بابەتی ناکۆکی لەسەر ناوچە سنوورییە کێشە لەسەرەکان، لەسایەی ئەو سیاسەت و بارودۆخەوە، خوێندنەوە بۆ هەڵوێستی دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری سەبارەت بە ململانێی هۆزایەتی لە نێوان هۆزەکانی ئێڵی بڵباسدا دەکەین.

**پەیڤێن سەرەکی:** *بڵباس، ناکۆکی هۆزایەتی، دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری، مامەش، مەنگوڕ و پیران.*

---

**پێشەکی:**

ئێڵی بڵباس کۆنفیدراسیۆنێکی هۆزایەتیی کۆچەری بووە، لە ناوچەکانی دەوڵەتی عوسمانی (باشووری کوردستان) و دەوڵەتی قاجاری (ڕۆژهەڵاتی کوردستان) دەژیان و لە نێوان ناوچەکانی هەردوو دەوڵەتەکەدا گەرمیان و کوێستانیان کردووە، دەسەڵات و پێگەیەکی بەهێز و گرنگیان لە ناوچەکانی هەردوو دەوڵەتدا هەبووە، لەنیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەمدا بە هۆی یەکگرتوویی هۆزەکانی بڵباسەوە زۆربەی کات هەڕەشەیان لە دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری کردووە، تەنانەت ئەگەر لە حاڵەتی ناچاریدا نەبووبێت، باج و سەرانەیان بە حکومەتانی ناوەندی نەداوە، لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا زۆربەی هۆزەکانی بڵباس بە سەرۆکایەتی هەمزاغای مەنگوڕ جوڵانەوەیەکیان لە دژی قاجارەکان بەرپا کردووە، دواتریش بەشدارییەکی کاریگەریان لە شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهریدا کردووە.

بەشێکی زۆری ناوچەکانی ئێڵی بڵباس دەکەوتنە سەر سنووری هەردوو دەوڵەتەکەوە، گوند و لەوەڕگاکانیان لەدیوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە هەرێمی موکریان، ببوونە ناوچەی سنووری کێشە لەسەر لە نێوان هەردوو دەوڵەتەکەدا، بە تایبەتی لە دوای شکستی شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری و لە ماوەی سالانی (١٨٨١-١٩١٤)دا، ئەمەش هۆزەکانی بڵباسی کردبووە کەرەستەیەکی ساغکردنەوەی ئەو ململانێ سنوورییە درێژخایەنەی لە نێوان عوسمانی و ئێرانییەکاندا هەبوو، هەموو ئەمانەش وای لە هەردوو دەوڵەتەکە کردبوو، بە بەردەوامی چاوببڕنە سەر هۆزەکانی ئێڵی بڵباس و بە ڕێگە و سیاسەتی جۆراوجۆر دەست لەکاروبارییان وەربدەن و یەکێتی و تەبایییان لێکبترازێنن، تاوەکو لەو ڕێگەیەوە بتوانن بەسەریاندا زاڵ ببن و جڵەویان بکەن و باج و سەرانەیان لێوەربگرن، هاوکاتیش چەکدارانی هۆزەکانی بڵباسیش لە

دژی دەوڵەتی بەرانبەر بەکاربهێنن، ئەم سیاسەتەش کاریگەری گەورە و چارەنووسسازی بەسەر بونیادی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ژیانی هۆزەکانی بڵباس هەبووە.

**ئامانجی توێژینەوەکە** ئەوەیە دەیەوێت وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە، کە ئایا سیاسەت و هەڵوێستی دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری بەرانبەر بە ململانێی هۆزەکانی بڵباس چۆن بووە؟ چ مەبەستێکیان هەبووە؟ هەروەها چ کاریگەرییەکیشی بەسەر چارەنووس و پێکهاتەی هۆزەکانەوە هەبووە؟ تاوەکو بتوانین لەو ڕێگەیەوە بۆ سەردەمی ئێستامان بەرچاو ڕوونیمان هەبێت، کە دەوڵەتان نەتوانن لەهەمان دەللاقە و پەنجەرەی هۆزەکانەوە دەست لە کاروبار و چارەنووسی گەلی کورد وەربدەن.

**گرنگیی توێژینەوەکە** لەوەدایە، کە لە ژێر ڕۆشنایی زانیارییەکانی چەندین بەڵگەنامەی بڵاونەکراوەی عوسمانی و قاجاری ئەنجامدراوە، شەنوکەوی بەڵگەنامە و سەرچاوە جۆراوجۆرەکانی کردووە، تاوەکو بتوانرێت ئەو لایەنەی مێژووی ئێڵی بڵباس شیبکرێتەوە و بخرێتە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا، بۆ دەرخستنی ڕووی ڕاستەقینەی سیاسەتی دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری بەرانبەر بە ململانێی هۆزەکانی ئێڵی بڵباس، زۆرتر پشت بە ڕێبازی وەسفی و مێژوویی بەستراوە، لە ڕێگەی سوود وەرگرتن لە بەڵگەنامە پێویستەکان و بەکارهێنانی سەرچاوە مێژووییە ڕەسەنەکان، هاوتەریب لەو شوێنەشی پێویست بووبێت ڕێبازی شیکاری و ڕاڤەکاری بەکارهێنراوە.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە لە دوو تەوەری سەرەکی پێکدێت، **لە تەوەری یەکەمدا**: سەرنج خراوەتە سەر پێکهاتە و بارودۆخی هۆزایەتیی ئێڵی بڵباس لە ماوەی دیاریکراوی توێژینەوەکە، کورتەیەکیش لە پەیوەندیی سیاسی نێوان دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری لە ماوەی سالانی (١٨٨١-١٩١٤) خراوەتەڕوو، هەروەها هەڵوێستی دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری بەرانبەر بە ململانێی هۆزە کوردەکان بە گشتی ڕوونکراوەتەوە، **لە تەوەری دووەمدا**: سیاسەتی هەردوو دەوڵەتەکە بەرانبەر بە ململانێی هۆزەکانی بڵباس لە ژێر ڕۆشنایی بەڵگەنامەکاندا شیکراوەتەوە، لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا ئەنجامگیرییەکانی توێژینەوەکە خراونەتەڕوو.

**تەوەری یەکەم: بارودۆخی هۆزایەتی ئێڵی بڵباس و پەیوەندی سیاسی دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری:**

**١- پێکهاتە و بارودۆخی هۆزایەتیی ئێڵی بڵباس:**

ئێڵە کوردەکان یەکەیەکی کۆمەڵایەتی وسیاسیین بوون، بەگشتی بە مەڵبەندێکەوە بەستراوبوونەوە، لەو ڕووەوە یەکەیەکی ئابووریشیان پێکدەهینا، لەسەر بنەمای ڕەچەڵەک و خزمایەتییەکی ڕاستەقینە یاخود هەڵبەستراوی هەڵچوو دروستکرابوون و شیرازەیەکی نیوخۆیی دیاریکراویان هەبوو، ئێڵ لە چەند کەرتێکی بچووکتری وەک: هۆز، تیرە، بنەماڵە و خێزان پێکدەهات(برونەسن، ٢٠١٠، ل٩١). پەیوەندی نێوان ئەو کەرتانەی ئێڵ لەسەر چەند بەرژەوەندییەکی ئابووری و کۆمەڵایەتیی و سیاسیی بونیاتنرابوو، کە شەرەفی ئێڵ و هۆز و تیرەکانی پشتی بە پارێزراوی خاک و قەڵەمڕەوی بەستبوو، ئەمەش خۆی لە بەرگریکردن لە سنوورەکان و زەوییە کشتوکاڵییەکان بینیوەتەوە، چونکە خاوەندارێتی زەوییە کشتوکاڵی و لەوەڕگاکان بۆ پێگە و مەقامی پیاوێکی هۆزەکی مەسەلەیەکی جەوهەریی و شەرەفی هاوبەش بووە، پێویست بوو بیپارێزرێت و بە پارێزراوی بمێنێتەوە، لە بنەڕەتدا هەر ئەو سنوور و زەوییە هاوبەشەیە، کە ئێڵ و هۆز و تیرەکانی پێ دەناسرێتەوە(وانچ، ٢٠١٤، ل١٦٢). ئەم تێڕوانین و بنەمایانە بە درێژای چەندین سەدە سەرچاوەی یەکگرتوویی و بەهێزی و پەیوەندی تووندوتۆڵی نێوان هۆزەکانی ئێڵی بڵباس بووە.

ئێڵی بڵباس لە سەدەی نۆزدەدا لە هۆزەکانی: (مەنگوڕ، مامەش، پیران، سن، ڕەمک و گەورک) پێکهاتبوو، ئاژەڵداری بنەمای سەرەکی ژیانی ئابووریی پێکهێنابوون، لە ڕووبەرێکی فراوانی ناوچە سنوورییەکانی دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری دەژیان و بڵاوببوونەوە، بە گوێرەی وەرزەکانی ساڵ لە نێوان ئەم دوو دەوڵەتەدا بۆ لەوەڕاندنی مەڕوماڵاتەکانیان گەرمیان و کوێستانیان کردووە، لە سنووری دەوڵەتی عوسمانیدا لە ناوچەکانی ویلایەتی مووسڵ لە کەرکووک، شارەزوور(داقووقی، ٢٠١٢، ل٨٢)، گەرمیان، سلێمانی، شارباژێڕ، پشدەر، بیتوێن، هەولێر و هەندێک لە ناوچەکانی ویلایەتی بەغداش بڵاوببوونەوە(بڕوانە: محمد، ١٩٨٩، ل٢١٨-٢٢٥). هاوینانیش بەرەو ناوچەکانی ورمێ و موکریان، بە تایبەت بۆ شنۆ و سندووس و سابڵاغ لە سنووری دەوڵەتی قاجاری کۆچیان کردووە(پاشا، ١٣٩٦، ص٩٦-٩٧).

هۆزەکانی بڵباس لە ناوچە سنوورییەکانی نێوان هەردوو دەوڵەتدا، بە درێژایی چەندین سەدە پێگەیەکی گەورە و کاریگەریان لەسەر ڕەوتی ڕووداوە کۆمەڵایەتی و

سیاسی و سەربازییەکانی دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری هەبووە، هەر لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە لە شەڕ و هەرای نێوان دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری و رووسی رۆڵیان هەبووە(معتمد الدوله، ١٣٦٧، ص١٦٠-١٦٢)، دواتر لە رێککەوتننامەی یەکەمی ئەرزرۆوم (١٨٢٣)، بە تایبەتی لە ماددەی یەکەمیدا لەسەر هەر دوو دەوڵەت پێویست کرابوو دەست لە کاروباری ناوچە سنوورییەکانی یەکتر وەرنەدەن(الضابط، ١٩٦٦، ص٥٨-٦٠)؛ (الزبیدي، ٢٠٢١، ص٩٥). بە تایبەتی ئێران دەست لە کاروباری کوردەکانی سنووری میرنشینی بابان وەرنەدات(حەمە باقی- ب، ٢٠٠٢، ل٩٩-١٠١)، کە هۆزەکانی ئێڵی بڵباسیش بەزۆری لە ناوچەسنوورییەکانی میرنشینی بابان دەژیان بۆیە ئەو رێککەوتنامەیە ئەوانیشی گرتبووە، هەروەها لە رێککەوتننامەی دووەمی ئەرزرۆوم(١٨٤٧)ی نێوان هەردوو دەوڵەتدا، ناوچە و هۆزەکانی ئێڵی بڵباس تەوەریەکی سەرەکی گفتوگۆی لیژنەی دیاریکردنی سنوور بووە(کەریم، ٢٠١٩، ل١٥٤).

هەردوودەوڵەتەکە لە چوارچێوەی رێککەوتننامەکانی نێوانیان هەوڵیانداوە هۆزەکانی بڵباس بە شوێنەکەوتەی خۆیان هەژمار بکەن و لەناو خاکی خۆیاندا نیشتەجێیان بکەن، تاوەکو لەو رێگەیەوە ناوچە بڵباس نشینەکان بە بەشێک لە خاکی خۆیان هەژمار بکەن(BOA:HAT_813_37262_C_1[1]). هەموو ئەمانە وایانکردبوو ناوچە و هۆزەکانی ئێڵی بڵباس هەمیشە ببنە جێگەی چاوتێبڕین و سەرەنجی هەردوو دەوڵەتەکە و بەردەوام لە رێگە و سیاسەتی جۆراوجۆری وەک: فرتوفێڵ و تەماح پێدان و پەلاماردان، دەستیان لە کاروباری یەکێتیی هۆزایەتی بڵباس وەرداوە، بە شێوەیەکی نادادپەروەرانەش باج و سەرانەیان لێوەرگرتوون، ئەو سیاسەتەش هۆزەکانی بڵباسی بەرەو سەرکێشی و یاخیبوون و راپەڕین لە دژی ئەم دوو دەوڵەتە، بە تایبەتی قاجارەکان بردووە، هەربۆیە زۆربەی هۆزەکانی بڵباس لە ساڵی (١٨٦٧) بە سەرۆکایەتی هەمزاغای مەنگوڕ (؟-١٨٨١) لە دژی حکومەتی قاجاری راپەڕینیان کردووە(BOA: HR_MKT__590_67_5_1)، بەڵام ئەمە نەبووە هۆی گۆڕانکاری لە سیاسەتی خراپی کاربەدەستانی حکومەتی قاجاری، بە تایبەتی لەسەر مەسەلەی باج سەندن و زۆرداربوون بەرانبەر بەخەڵک، کە بە چەندین باجی جۆراوجۆری وەک: باجی ماهیانە، کە باجێکی مانگانە بوو، هەروەها باجەکانی ساڵیانە، عیدیانە، نەورۆزە، موحەرەمیە، مولودیە... هتد ژیانی خەڵکیان بە تەنگ هێنابوو، لەبەر ئەوە خەڵک و هۆزەکان دەیانبینی بە چ شێوەیەک لە لایەن کاربەدەستانی ئێرانییەوە دەچەوسێنرانەوە، ئەمەش وایکردبوو خەڵکی سابڵاغ و هەرێمی موکریان بەهەموو گۆڕانکاری و شۆڕشێک دڵخۆشبن بە ئومێدی ئەوەی ژیانیان بەرەو باشتر بچێت(عەزیز، ١٩٩٩، ل٤٦).

بۆیە دووبارە جارێکی دیکە زۆربەی هۆزەکانی بڵباس و خەڵکی ناوچەی موکریان لەژێر سەرکردایەتیی هەمزاغای مەنگوڕ لە ساڵی (١٨٨٠) بەشدارییان لە شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهریدا کرد(غۆریانس، ٢٠٠٧، ل٣٣)، بوونە سەرە ڕمی لەشکری شۆڕش و کاریگەریی گەورەیان لەسەر ئاراستەکردن و بەڕێوەبردنی شۆڕش لە قۆڵی موکریاندا هەبووە، هەر ئەمەش وایکرد دوای شکستی شۆڕشەکە لە هەمان ساڵدا، ناوچە بڵباس نشینەکان و هۆزەکانی بڵباسیش بکەونە بەر ڕەق و تووڕەیی و تۆڵەسەندنەوەی لەشکری دەوڵەتی قاجاری و دووچاری کوشتار و ئاوارەیی و تاڵانکاری و سوتاندنی گوندەکانیان ببنەوە و لە بارودۆخێکی سەختی ژیان دابن، بە جۆرێک کە بە درێژایی چەندین دەیە کاریگەری چارەنووسسازی لەسەر هۆزەکانی ئێڵی بڵباسەوە هەبووە.

## ٢- کاریگەری ئێڵی بڵباس لەسەر پەیوەندی دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری لە نێوان ساڵانی (١٨٨١-١٩١٤):

هەرچەندە پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتانی عوسمانی و ئێرانی بە درێژایی زیاتر لە چوار سەدە بە قۆناغی بەرزی و نزمی، شەڕ و ئاشتیدا ڕۆیشتووە، فروانخوازییە سنوورییەکانی ئەو دوو دەوڵەتە لە ناوچەکانی نێوانیان، کە بە زۆری ناوچەکانی کوردستانی گرتبووە، تایبەتمەندییەکی گرنگی ئەو قۆناغە مێژووییە بووە، لەو سۆنگەیەوە هۆزەکانی بڵباس و ناوچەکانیان ببوونە بەشێک لەو هاوکێشە و ململانێ درێژخایەنەی لە نێوان هەردوو دەوڵەتەکەدا هەبووە و پانتایەکی فراوانیان لە پەیوەندیی سیاسی نێوان هەردوو دەوڵەتەکەدا داگیرکردووە و لە ڕێککەوتننامە و گفتوگۆکانی نێوانیان ناویان هاتووە.

هۆزەکانی بڵباس لە پەرچەکرداری خراپی سیاسەتی کاربەدەستانی قاجاری بەرانبەریان، لە ساڵی (١٨٨٠) بەشدارییان لە شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری کرد و هەمزاغای مەنگوڕ بە سوپاسالاری لەشکری شۆڕش لە قۆڵی موکریان دیاریکرا(حمە باقی-أ، ٢٠٠٢، ل٧)، هەرچەندە دوای ماوەیەکی کورت و هەر لەوساڵەدا شۆڕشەکە شکستی هێنا، لەشکری قاجاری بەگیانێکی ڕەقاوی و تۆڵەکردنەوە پەلاماری سابلاغ و هەرێمی موکریانی داو، ئاوارەکردن و کوشتوبڕ و سووتاندن و وێرنکردنیان لە دژی گوندەکانی ئێڵی بڵباس ئەنجام دا(جرارد، ٢٠٢١، ل٨٤)، سەرباری ئەم بارودۆخە ناهەموارەش کە هۆزە بەشداربووەکانی شۆڕش لەسەر دەستی قاجارەکان دووچاریان بووە، بابەتی شێخ عوبەیدوڵلا و هۆزەکانی کورد بە تایبەتی بڵباسەکان بە سەرۆکایەتی

هەمزاغـا، ڕەنگرێژی زۆربەی پەیوەنـدییەکـانی ئەو دوو دەوڵەتەی لەو مـاوەیەدا کردووە. دەوڵەتی قاجاری هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوەبووە پاشـماوەی هۆزەکانی بڵباس لە ئاوارەیی و لەناو خاکی عوسـمانی جڵەو بکات، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە مەترسـی سـەرهەڵدانەوەی شۆڕش دروست نەبێتەوە، هەربۆیە کاربەدەستانی باڵای قاجاری لە هەوڵی بەردەوامدا بوون، تاوەکو لە ڕێگەی بریتانیا و ڕووســیاوە گوشــار لە دەوڵەتی عوســمانی بکرێت، کە هــاوکــاریی دەوڵەتی قــاجــاری بکــات بۆ ئەوەی نەهێڵێــت شــۆڕشــێکی دیکە ســـەرهەڵبداتەوە(خەلفین، ٢٠١٧، ل١٦٧،١٦٩)، هەروەها شــێخ عوبەیدوڵڵا و کوڕەکانی دەستگیر بکەن و لە وڵات دووریان بخەنەوە، هەروەها پاشماوەی هۆزەکانی بڵباسیش بە ســـەرۆکایەتی هەمزاغای مەنگوڕ ڕادەســـتی حکومەتی قاجاری بکەنەوە(وزارت امور خارجه...، ١٣٧٠، جلد سوم، ص٥٨٩؛ عەزیز، ١٩٩٩، ل١٠٠).

ئەو بارودۆخە پەشــێوییەی شــۆڕشـــی شــێخ عوبەیدوڵڵا بەدوای خۆیدا هێنای، کێشـــەی لەمێژینەی ســـــنووری لە نێوان هەردوو دەوڵەتدا قوڵتر کردەوە، بە جۆرێک پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتی عوســـمانی و قاجاری لەو ماوەیەدا بە تەواوەتی ئاراســـتە کردووە، لەم بوارەشـــــدا هەردوو دەوڵەتەکە متمـانەیان بە یەکتری نەبووە، هەرکامیـان هەوڵیـداوە نـاوچە ســـــنوورییەکـان بە تـایبەتی نـاوچە بڵبـاس نشـــینەکـانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئەمڕۆ، بە بەشێک لە خاکی خۆیان هەژمار بکات، هەربۆیە وەزیری دەرەوەی دەوڵەتی قـاجـاری لەم بـارەیەوە لە (١٨٨١/٩/٢٦) نـامەیەکی بۆ بـاڵیۆزی وڵاتەکەی لە ئەستەنبووڵ ناردووە و نووسیویەتی:" ... ڕادەستکردنەوەی هەڵاتووان و داڵدەنەدان و دەست بەســـەردانەگرتنی هۆزەکانی یەکتری، یەکێک لە مەرجەکانی نێو پەیمانننامەکانی پێشووتری هەردوو لا بووە، بەڵام بەرپرسـانی سەرسنووری عوسمانی لە زۆربەی کاتەکاندا ئەمەیان جیبەجێ نەکردووە و هۆزەکانیـان لە بەرژەوەنـدی خۆیـان بەکـارهێنـاوە و بەبێ هیچ هۆکارێک هۆزەکانی ئێرانیان بەلای خۆیاندا ڕاکێشـــاوە..."(نصـــیری، ١٣٧١، جلد ســـوم، ص٢٠٨-٢١١). بەمجۆرە پەیوەندییە ســیاســیەکانی نێوان دەوڵەتانی عوســمانی و قاجاری لە ماوەی ســاڵانی (١٨٨١-١٩١٤) خۆی لە ســەرکوتکردن و لەناوبردنی شــۆڕشــی شــێخ عوبەیدوڵڵا و هۆزەکانی بڵباس بەســـەرۆکایەتی هەمزاغای مەنگوڕ و کێشـــەی ســنووری نێوانیان بینیوەتەوە و ڕەنگرێژی ســەرلەبەری پەیوەندییە ســیاســییەکانی نێوان هەردوو دەوڵەتی لەو ماوەیەدا کردووە.

**٣- هەڵوێســــتی دەوڵەتانی عوســــمانی و قاجاری بەرانبەر بە ناکۆکی و ململانێی هۆزە کوردەکان:**

ئەو ململانێ هۆزایەتیـانەی بە درێژایی مـاوەی توێژینەوەکە هەبوون، جگە لە هۆکاری ناکۆکیی ناوخۆیی وەک: کێشـەی زەویوزار و کێشـەی کۆمەڵایەتی، زۆرترین کات بە هۆی دەسـتێوەردانی دەوڵەتانی عوسـمانی و قاجاری لە کاروباری هۆزەکانی ئێڵی بڵباسەوە بووە، بۆیە ئەم دوو دەوڵەتە لە چەند ڕێگەیەکی وەک: دەستێوەردان بۆ گۆڕینی سـەرکردەی هۆزەکان لەناو چوارچێوەی نوخبەکەی هۆزدا، ئەمەش بە پشـتگیریکردنی بەرەیەک بووە دژی بەرەیەکی دیکە، یاخود هەندێک کات کە حکومەت بەهێز دەبوو، بە زەبری هێرش و پەلامار، ئێڵ و هۆزەکانیان تێکدەشـکاند و دواتر بە گوێرەی ویستی خۆی ڕێکی دەخســــتنەوە، جاری واش هەبوو حکومەتی قاجاری بە هۆکاری پاراســــتنی ئاســــایشــــی ناوخۆیی و بەرگریکردن لە ســــنوورەکان، ژمارەیەک لە ئێڵ و هۆزە کوردییەکانی لە باکووری ڕۆژئاوای ئێران ڕاگواستووە و بە درێژایی باکووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکە نیشــــتەجێی کردوون، ئەمەش لە پێناوی ڕزگاربوون لەو مەترســــیانەی هۆزە کوردەکان لە زێدی خۆیان دروســـتیان دەکرد، هاوکات لەو ڕێگەیەشــەوە دەیتوانی ئەو ناوچانە بە هۆی هۆزە کوردە کۆچپێکراوەکان، لە هێرش و پەلامارەکانی ئۆزبەک و تورکمانەکان بپارێزێت(Amanat, 2017, P29).

هاوکات هەردوو دەوڵەتەکە بە ئامانجی تێکشـکاندنی هێزی هۆز و یەکێتییە هۆزایەتییەکانی کورد، ســـــیاســـــەتی (پەرتکە و زاڵبە)یان بەرانبەر بەکارهێنـاون، بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان هەڵدەســـــتان بە دروســـــتکردنی بەربەرەکانێ لەناو بنەماڵەی حکومڕانەکان یان لە نێوان ئەو شـــێخ و ئاغا و ســـــەرۆک هۆزانەی، کە یەکێتییە هۆزایەتییەکانیان پێکدەهێنا، هەروەها پشـــتگیریکردن و مامەڵەکردنی ڕاســـتەوخۆ لەگەڵ هەندێک سەرۆک هۆز لە دژی ئەوانی دیکەدا، عوسمانییەکان بۆ جێبەجێکردنی ئەو جۆرە سـیاسـەتە سـوودیان لە زەوی و باج وەرگرتووە، وەکو دوو چەکی کاریگەر لە بەرانبەر هۆزەکاندا، تا لەو ڕێگەیەوە بەلای خۆیاندا ڕایان بکێشـــن یاخود دژایەتیان بکەن(Cetinsaya, 2017, P73)، بۆنموونە: دەوڵەتی قاجاری پشـتگیری هۆزی مامەشـی لە دژی هۆزی پیران کردووە، هاوکات زەویوزار و لەوەڕگاکانی هۆزی پیرانی دەسـتبەسـەردا گرتووە و بە ئاغای مامەشەکانی بەخشیوە، تاوەکو لەو ڕێگەیەوە دژایەتی هۆزی پیرانی لایەنگیری دەوڵەتی عوســـــمانی پێ بکات و ئەم دوو هۆزەی ئێڵی بڵباســـــی پێ لە دژی یەکتر بەشەڕ بدات(BOA: Y__PRK_EŞA__20_20_3_1).

بەو جۆرە دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری سیاسەتێکی دوژمنکارانەیان بەرانبەر بە هۆزەکان بەکاردەهێنا، چونکە پێیان وابوو گیروگرفتی هۆزەکان خراپترین کیشەیە، کە بەردەوام ڕووبەڕووی کاربەدەستانی ئەو دوو دەوڵەتە دەبووە، بەڵام لە ڕاستیدا هۆزەکان هیچیان لە حکومەت داوا نەدەکرد، کەچی حکومەت داوای باج و سەرانە و سەربازی لێدەکردن و دەستی لە کاروباری هۆزەکان وەردەدا، هۆزەکانیش هەردەم دابونەریتی خێڵەکی خۆیان بەسەر دادپەروەری دادگای حکومەتدا دەسەپاند و هیچ هەلێکیان بۆ بەدەست هێنانی قازانج لە دەست نەدەدا و ئەگەر بۆیان بگونجابایە گوێیان بە ڕێکەوتن لەگەڵ حکومەت نەدەدا(لۆنگریک، ٢٠١٩، ل٣٥١).

بە گشتی ئەو بارودۆخ و سیاسەتە هۆزە کوردییەکانی بەرەو لاوازی و ناکۆکی و شەڕی بەردەوام برد بوو، جا هەروەکو گەڕیدە و کوردناسێکی وەك (کەسپار دایمۆن) لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم ئاماژەی بەوە کردووە، کە تورك و ئێران لەوە بێ هێزترن، کە بتوانن بە چەك سەر بە کوردەکان دانەوێنن، لەبەر ئەوە ئاژاوە دەخەنە ناو هۆزەکانەوە، یارمەتی لایەك دەدەن و لایەکی دیکە تیژ دەکەن و هەمیشە لەمەدا کەڵکی خۆیان وەردەگرن، یاخود گەڕیدەی ڕووسی (ڤ.دیتێل)، کە زۆر بە کوردستاندا گەڕاوە، تیشك دەخاتە سەر ئەم دیاردەیە و پێیوایە، کاربەدەستانی عوسمانی زۆرکەم ناوبژی هۆزە لەگەڵ یەك تێکچووەکانیان دەکرد، بەڵکو بە پێچەوانەوە حەزیان دەکرد پتر یەکتر لەناوبەرن، بۆ ئەم مەبەستە هانیشیان دەدان، چونکە ئەمە بۆ مانەوە و پاراستنی ئاسایش لە دەوڵەتی عوسمانیدا کەڵکی هەبوو(خەلفین، ٢٠١٧، ل٢٩).

بەڵگەنامەیەکی بریتانی، کە لە نێوان سەر کونسوڵەکانی بریتانیا، لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا ئاڵوگۆڕکراوە و بۆ مێژووی (١٨٨٠/١٠/٢٠) دەگەڕێتەوە، ئاماژەی بەوە کردووە، سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی، هەمیشە بەگژداکردنی هۆزێك بووە لە دژی هۆزێکی تر، ئەو شۆڕشانەی کوردیش، کە لە ڕابردوودا ڕوویانداوە، لە هەموو حاڵەتێکدا بە یارمەتی سەرۆک هۆزی دیکەی کوردی سەر بە دەوڵەت، دامرکێنراونەتەوە(جوەید، ٢٠٠٧، ل٤٢)؛ (عەزیز، ١٩٩٩، ل٢٨)، چونکە کۆمەڵگەی کوردی لەسەر بونیادێکی هۆزایەتی دامەزرا بوو، هۆزە کوردییەکان بڕبڕەی پشتی میرنشین و شۆڕش و لەشکری کوردانیان پێکهینابوو، هۆز بەڕادەیەک گرنگ بووە ڕەنگڕێژی گشت کایەکانی ژیانی کۆمەڵگەی کوردی کردووە، ئەم پێگە گرنگەی، کە هۆز لە پەنتایی ژیانی کورددا هەیبووە، لە لایەن دەوڵەتانی عوسمانی و ئێرانییەوە وەکو خاڵێکی لاواز بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی خۆیان بەکاریان هێناوە، توانیویانە لە ڕێگەی ڕاکێشانی بەشێک لە هۆزەکان بەلای خۆیاندا دووبەرەکی و شەڕیان لە نێواندا دروست بکەن و

یەکریزییان تێک بدەن، نموونەی ئەمەش، لە بەڵگەنامەیەکی دیکەی بریتانیدا دەردەکەوێت، کە لە سەروبەندی کۆتایی شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری لە (١٨٨٠/١١/٨) لە لایەن باڵیۆزی بریتانیا لە تاران بۆ وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەی نێردراوە، دەڵێت: " ئەز شەرەفی ئەوەم هەیە بە جەنابتان ڕابگەیەنم، کە ئێستا هیوای حکومەتی ئێرانی بووژاوەتەوە بەوەی بتوانێت لە ڕێگەی گفتوگۆوە یەکبوونی هۆزە کوردەکان لێک بترازێنێت و لەت لەتیان بکات، ئەم هیوایەش لە نیشانەی ئەو ناڕێکیانەوە دێت، کە ئێستا لەناو کوردەکاندا بەدیارکەوتووە، وا باسدەکرێت کە هەندێک لەو کوردانە شێخیان جێهێشتبێت و حەز بکەن بگەڕێنەوە بۆ وەلائەکەی خۆیان بۆ شا"(عەزیز، ١٩٩٩، ل٢٩).

ئەمەی سەرەوەش دەرخەری ئەو ڕاستییە، کە دەوڵەتانی عوسمانی و ئێرانی کەڵکیان لە سروشتی دەربەگایەتی و هۆزایەتی کۆمەڵگەی کوردی وەرگرتووە و توانیویانە بە ئاسانی ناکۆکی لە نێوان هۆزەکان دروست بکەن و لە دژی یەکتر بە شەڕیان بدەن، هەروەها لە ڕێگەی جڵەوکردنی سەرۆک هۆزەکانەوە تەواوی ئەندامانی هۆزەکان لەبەرژەوەندی خۆیان بەکاریان بهێنن، هاوکات هۆزەکان بکەنە لەمپەرێکیش لەهەر چالاکی و جوڵەیەک، کە لەناو کۆمەڵگەی کوردی ڕوویدات بۆ دەربازبوون لە پاشکۆیەتی و وابەستەبوون بە حکومەتی ناوەندییەوە، کەواتە ئەو سروشتە هۆزایەتی و دەرەبەگایەتییە چەندە خاڵی بەهێزی کورد بووبێت، لە هەمان کاتدا زۆر زیاتر خاڵی لاوازبووە لەبەردەم یەکێتی و یەکڕیزیی کۆمەڵگە و گەشەسەندنی بیری نەتەوایەتیدا.

**تەوەری دووەم: سیاسەتی دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری بەرانبەر بە ململانێی هۆزەکانی ئێلی بڵباس:**

لە سەرەتای هاتنی لەشکری شێخ عوبەیدوڵلا لە ناوەڕاستی مانگی ئەیلولی (١٨٨٠) بۆ ناو خاکی ئێران، هەمزاغای مەنگوڕ لە لایەن شێخ عوبەیدوڵلاوە وەک سوپاسالاری شۆڕش لە قۆڵی موکریان دیاریکرا، هەر لە سەرەتاوە زۆربەی هۆزەکانی بڵباس لەگەڵ هەمزاغای مەنگوڕدا بەشدارییان لە شۆڕشەکەدا کردووە، جگە لە هۆزی مامەش، کە لە سەرەتادا محەمەد ئاغای سەرۆک هۆزی مامەش لایەنگری هێزەکانی حکومەتی قاجاری و لە دژی شۆڕش بوو، بەڵام بەگرتنی ناوچەکانی شنۆ و سەندوس(سەڵدوز)، محەمەد ئاغای مامەش بەناچاری ملکەچی خۆی بۆ شێخ عوبەیدوڵلا ڕاگەیاند، بۆیە لەگەڵ سەرۆک هۆزەکانی دیکەی ئێلی بڵباس، وەکو هەمزاغای مەنگوڕ و مامەند ئاغای پیران و قەرەنی ئاغای تیرەی زوودی و عوسمان ئاغای سەرۆک

هۆزی گەورک، لە پاڵ هۆزەکانی دیکەی کورددا لە ژێر سەرکردایەتی شێخ عەبدولقادر و هەمزاغا بەرەو سابڵاخ پێشڕەوییان کرد و دەستیان بەسەر شارەکەدا گرت، خەڵکی شار و سەرانی موکری و مەلاکانی ئەهلی سوونەش پێشوازییان لێکردن(حەمە باقی، ٢٠٠٧، ل٣٧-٣٨).

لە ڕاستیدا ئەو دوودڵی و بەدگومانییەی محەممەد ئاغای مامەش هەیبوو بۆ بەشداریکردن لە شۆڕشەکە، دەگەڕایەوە بۆ هەبوونی کێشەی کۆمەڵایەتی و پیادەکردنی سیاسەتی پەرتکە و زاڵبەی کاربەدەستانی قاجاری لە نێوان هۆزەکانی بڵباس، چونکە پێشووتر ناکۆکی و ململانێی کۆمەڵایەتیی لەمێژینە لەنێو هۆزەکانی بڵباسدا هەبوو، کاربەدەستانی قاجارییش بەردەوام پشتگیری محەممەد ئاغای سەرۆک هۆزی مامەشیان دەکرد، ئەمەش وایکردبوو هۆزی مامەش زیاتر مەیلی بە لای حکومەتی قاجاریدا هەبێت، محەممەد ئاغا دەیزانی هۆزەکانی مەنگوڕ و پیرانی ئێڵی بڵباس لە دەرفەتێک دەگەڕان تاوەکو تۆڵەی خۆیان لە مامەشەکان بکەنەوە، بۆیە کاتێک شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا بەرپابوو، هۆزەکانی بڵباس جگە لە  هۆزی مامەش، بە هۆی خراپیی مامەڵەی کاربەدەستانی قاجاری لە سابڵاغ و تەوریز بەرانبەریان، هەروەها بەنیازی شکست هێنان بە دەسەڵات و پێگەی محەممەد ئاغای سەرۆک هۆزی مامەش، بەشدارییان لە شۆڕشەکەدا کردووە، چونکە پێیان وابوو ئەگەر محەممەد ئاغا بەشداری لە شۆڕش بکات بە چاوی خیانەتکارییەوە لە لایەن حکومەتی قاجارییەوە تەماشا دەکرێت، ئەگەر بەشداریش نەکات و گوێڕایەڵی شۆڕش نەبێت، لە لایەن هێزەکانی شێخ عوبەیدوڵڵا و هۆزەکانەوە پەلامار دەدرێت، بەڵام محەممەد ئاغای مامەش بە وریایەوە بەشداری شۆڕشەکەی کرد و لەژێرەوەش پەیوەندی لەگەڵ کاربەدەستانی قاجاریدا هەبوو(فاضلی، ١٣٩٨، ص٧٥).

کاتێکیش لە ناوەڕاستی مانگی تشرینی دووەمی ساڵی (١٨٨٠)، شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا شکستی هێنا، سەرۆک هۆزی مامەش بە لەشکری هۆزەکەیەوە چووە بەرەی سوپای دەوڵەتی قاجاری، دوای گەڕانەوەی سوپا و کاربەدەستانی دەوڵەتیش بۆ ناوچە کوردییەکان، سیاسەتی  حکومەتی قاجاری بەجۆرێک بوو، ئەوانەی لایەنگری شۆش بوون بەتوندترین شێوە سزادران و لەناوبران و ماڵ و موڵکیان تاڵانکرا، ئەوانەشی لە ژێرەوە هاوسۆز و لایەنگری دەوڵەتی قاجاری بوون خەڵاتکران و ستایش کران، هەر لەو سۆنگەیەوە محەممەد ئاغای سەرۆک هۆزی مامەش و گەورەکانی دیکەی ئەو هۆزە، کە لە ناوچەی لاجان دانیشتبوون لە لایەن سوپاسالاری قاجارەوە خەڵات و ڕیزلێنانیان پێشکەش کراوە، محەممەد ئاغای مامەشیان کردە لێپرساو و بەڕێوەبەری ناوچەی لاجان

و شـــنۆ، ڕاشـــیان ســـپارد بۆ گرتن و لەناوبردنی هەمزاغای مەنگوڕ لە هەردەرفەت و کاتێکدا بێت، هەربۆیە محەمەد ئاغا قەدەغەی کردبوو، کە هۆزی پیران و مەنگوڕ بە ناوچەی لاجاندا هاتووچۆ بکەن، پەیمانیشـــی دابوو هەمزاغا بگرێ یاخود بیکوژێ، هەربۆیە چەندین جار هۆزی مامەش و منگووڕ لێیان بووتە شەڕ، ژمارەیەکیش خەڵک لە هەردوو لایان کوژراون(ئەفشار، ٢٠٠٧، ل١٤٥-١٤٦، ١٥٦- ١٥٧).

ئەم سـیاسـەتەی حکومەتی قاجار بۆ ئەوە بوو دوای شـکسـتی شـۆڕشـەکە، پاشـماوەی هۆزەکانی بڵباس زیاتر پەرت و بڵاوبکاتەوە و لەناوخۆیاندا بەشـەڕیان بدات و جارێکی دیکە نەتوانن بیر لە بەرپاکردنەوەی شۆڕش بکەنەوە، هەربۆیە کاربەدەستانی قاجاری کەوتنە پشـتگیری هۆزی مامەش و گەورک لە دژی هۆزەکانی دیکەی بڵباس و بەمەش توانیان هاوسـۆزی و لایەنگیری تەواوی محەمەد ئاغای سـەرۆک هۆزی مامەش بۆ دەوڵەتی قاجاری لە دژی هۆزەکانی دیکەی بڵباس مسۆگەر بکەن، ئەمەش هەروەکو لە نامەیەکی ئاغای ناوبراودا ڕەنگدەداتەوە، کە بۆکاربەدەســـتانی قاجاری ناردووە و لە ئەرشـــیفی قاجاری پارێزراوە و تێیدا دەڵێت:" ســـەبارەت بەوەی من بەڵێن و ســـۆزم داوە و ئێوەش فەرمانتان کردووە، بەشـــەو و ڕۆژ لە چاودێریکردنی هەمزاغا غافڵ نیم و بۆ جێبەجێی کردنی ئەم بابەتەش کەســـێکی تایبەتم بۆ وەرگرتنی زانیاری بۆ ناو هۆزی گورک ناردووە، هەر هەواڵێکم پێ بگات، دەستبەجێی ئاگادارتان دەکەمەوە و بەخۆشم چـاودێری جێبەجێی کردنی ئەم ئیشـــە دەکەم، لەوانەیە پشـــت بەخوا بەهۆی جێبەجێیکردنی ئەم خزمەتە بەسـەرکەوتوویی ببێتەی مایەی ڕووسـپیی و سـەر بەرزی بۆ خۆم و ڕەزامەندی ئێوە"(NLAI-296-13078-4[٢]).

هەربۆیە حەسەن عەلی خان (ئەمیر نیزامی گەڕووسی)ی فەرمانڕاوەی سابلاغ لە نامەیەکی بۆ ناسـرەددین (١٨٤٨-١٨٩٦) شـادا دەڵێت:" ... ئەوەی من تێگەیشـتبم محەمەد ئـاغـای مـامـەش پیـاوێکی عـاقڵە و زۆر هەوڵ دەدات، کە بەهەمـوو جۆرێک ببێتەی مـایەی خزمەتگوزاری بۆ دەوڵەت، بۆ نموونە لەم ڕۆژانەدا بەگوێرەی بەڵێن و سۆزێک، کەپێشـتر دابووی بەرێژەی (٣٠٠٠) سـەر ئاژەڵی بۆ قەرەبوو کردنەوە و غەرامەی سـەروماڵی تالانکراو، ڕادەستی محەمەد رحیم خان نوێنەری سوپاسالار ئەعزەم کردووە، ئەویش ئەم مەڕوماڵاتەی گەیاندۆتە خاکی موکریان و منیش چەند ئەسپ سوارێکم ڕاسپاردووە ئەم مەڕوماڵاتانە لە خاکی سـابلاغەوە بگەێننە ناوچەی میاندواو و ڕادەسـتی علی خانی نوێنەری حاکمی مراغە بکەن، بۆیە داواکـارم لە کـاتی وڵامـدانەوەی ئەم نووســـراوەدا، محەمەد ئـاغـای مـامەش لە ئـاســـتی خزمەتەکەی دەســـتخۆشـــی لێبکرێت"(NLAI-296-13078-4). ئەم دڵسـۆزییەی سـەرۆک هۆزی مامەش لە لایەن کاربەدەسـتانی قاجارییەوە سـتایش کراوە،

هەربۆیە لە لایەن ناسرەددین شاوە بایەخێکی تایبەتی پێ دراوە و لە لایەن حەسەن عەلی خانەوە نازناوی (ئەمیرئەلعەشایەر)ی پێ بەخشراوە(صمدی، ١٣٨١، ص٧٧).

لە بەرانبەر ئەو سیاسەتەی قاجارەکاندا، عوسمانییەکانیش دەیانویست ئەو هۆزە کوردانەی بە هۆی شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵڵاوە ئاوارە ببوون، لای خۆیان دالْدە بدەن، تاوەکو لە هەر ئەگەرێکدا لە دژی حکومەتی قاجاری بەکاریان بهێنن، هەربۆیە دەبینین هەمزاغای مەنگوڕ، کە تاوەکو دواسات لایەنگیر و سوپاسالاری شۆڕش بووە، بە هیچ شێوەیەک ئامادەی ملکەچبوون نەبوو بۆ دەوڵەتی قاجاری، لە ناوچە سنوورییەکانی نێوان پشدەر و سەردەشت و هاتووچۆی کردووە، دواتر پەنای بۆ خاکی دەوڵەتی عوسمانی بردووە، لەگەڵ بەشێک لە کەسوکار و دەست و پەیوەندەکەی، لە ناوچەی سوێسنە لە سەر سنوور و دەوروبەری پشدەر نیشتەجێ بووە، هۆز و تیرە و ماڵ و منداڵی هەمزاغا و باپیرئاغای کوڕی لە لایەن کاربەدەستانی عوسمانییەوە لە ناوچەی (سەید ئەحمەدان) نیشتەجێکران، کە سەر بە پشدەر و خاکی عوسمانی بوو. هاوکات قایمقامی ڕانیە، کە بەشێک بووە لە سنجەقی کۆیە، پشتیوانیی پێویستی لە هۆز و تیرە و خێزانی هەمزاغا کردووە، باپیرئاغای کوڕی هەمزاغاشی خەڵات کردووە(گەڕووسی، ٢٠٠٧، ل٥٠-٥٣).

کاربەدەستانی عوسمانی هەر بە هۆزی مەنگوڕەوە نەوەستان و هۆزەکانی دیکەشیان لە خۆیان نزیک کردەوە، دەیانەویست وەکو کارتێکی گوشار لە بەرانبەر حکومەتی قاجاریدا بەکاریان بهێنن، هەربۆیە بەڵگەنامەیەکی قاجاری بە مێژووی (١٨٨١/٣/١٩) لە لایەن حەسەن عەلی خانی گەرووسی سەر لەشکری ئێران لە سابلاغ، بۆ عەلائولدەولە (ئەمیر نیزام)ی لە تەورێز ناردووە، تێیدا ئاماژەی بە ناوەڕۆکی نامەیەکی محەمەد ئاغای مامەش کردووە، سەبارەت بە هەمزاغای مەنگوڕ، کە لەگەڵ محەمەد ئاغای ئاکۆ و هۆزی نورەدینی (میراودەلی) و پیرانی بڵباس و شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵا بە یاوەری لەگەڵ (ئەحمەد بەگ)[٣]، کۆبوونەوەیەکیان بەو سەرۆک هۆز و جەماوەرە کردووە، کە پێشووتر شێخ عوبیدوڵڵا لە هەموو ناوچەکانەوە بانگهێشتی کردبوون، بۆ ماوەی دوازدە ڕۆژ لە هەولێر ماونەتەوە، ئەمەش مانای پشتگیریی عوسمانییەکان بووە بۆ شێخ و هۆزە لایەنگرەکانی، بە تایبەتی هۆزی مەنگوڕ، کە نەیاری سەرسەخت و لەمێژینەی هۆزی مامەش بوون، ئەمەش جێگەی نیگەرانی محەمەد ئاغای مامەش بووە، بۆیە ئاغای ناوبراو لە نامەیەکدا بۆ کاربەدەستانی بالای قاجاری دەڵێت: "خۆ ئەگەر وای دابنێین بەرپرسانی دەوڵەتی عوسمانیش هەمزاغای مەنگوڕ نەگرن و لێپێچینەوەی لەگەڵ نەکەن، ئەوسا بە

پشـــتیوانی خوا، هەر ئەوەنـدەی پـایەبەرزی هێژاتـان لووتف بفەرموون، ئیتر نەک هەر عەشـایەر، بەڵکو ئەگەر سـەرلەبەری هۆز و تایەفەکانی مامەشـیشـم بە کوشـت دابێت، دەبێت بە جۆرێک خزمەتێکی وا بە دەوڵەت بکەم، بۆ لەمەودوا و بۆ ڕۆژگار، بە یادگاری بمێنێتەوە"(گەڕووسـی، ٢٠٠٧، ل٧٤-٧٥). ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاسـتیەیە کە هەریەک لە دەوڵەتانی عوسـمانی و ئێرانی سـیاسـەتی بەگژیەکداکردنی هۆزەکانی کوردیان بە گشتی و هۆزەکانی ئێڵی بڵباسیان بە تایبەتی پیادە کردووە.

کاربەدەسـتانی قاجاری هۆزە ئاوارەکانی بڵباس، بە تایبەتی هۆزی (مەنگوڕ) و (پیران)یان لەناو خاکی عوسـمانی، بە مەترسـییەکی گەورە دەزانی بۆ بەرپاکردنەوەی شـۆڕشـێکی دیکە لە دژی دەوڵەتەکەیان، دەشـیانزانی بە لەشـکر و هێزی سـەربازیی خۆیـان نـاتوانن هەمزاغـای مەنگوڕ لەنـاوبەرن، بۆیە هۆزەکـانی مـامەش و گەورکی بڵباسـیان بەلای خۆیاندا ڕاکێشـا، تاوەکو لەو ڕێگەیەوە سـوود لە توانای چەکداری ئەو دوو هۆزە، لە دژی هەمزاغـای مەنگوڕ وەربگرن، چونکە هەروەکو بەڵگەنـامەیەکی قاجاری ئاماژەی پێکردووە، کە بە هۆی ئەوەی ناوچەکانی هۆزی مەنگوڕ کوێسـتانییە، تۆپ ناتوانێت بچێتە ئەوێ و سـەرباز و سـوارچاکی ڕێگە نەزانیش لەوانەیە نەتوانن ڕووبەڕووی هۆزی مەنگوڕ ببنەوە، بۆیە تەنهـا لە ڕێگەی هۆزی مـامەش و گورکەوە دەکرێت دەسـتبەسـەر بکرێن؛ هەربۆیە بە هەر جۆرێک بێت عوسـمان ئاغای گورک و مەحمەد ئـاغـای مـامەش نـاچـارکران و بەڵێنیـان لێ وەرگیراوە، کە بەدوای هەمزاغـا و هۆزی مەنگوڕ بکەون و بڕیـار وایە خودی عوسـمـان ئـاغـا و خدر ئـاغـای گەورک لە لایەکەوە و موحەممەد ئاغای مامەش لە لایەکی ترەوە بە هێزەکانیان ڕێگە لە چوونی هێزی مەنگوڕ بۆ خاکی ڕۆم بگرن و دەسـتبەسـەر و ڕادەسـتی بکەن(بیگبابـاپور و غلامیە،١٣٩٠، ص٤٦٢).

ئەم سـیاسـەتی پەرتکە و زاڵبەی قاجارەکان توانی بە هاوکاریی کاکەئەڵلای برای هەمزاغای مەنگوڕ و هۆزەکانی دیکەی بڵباس، هەمزاغا لە ساڵی (١٨٨١) بە فێڵ و بەڵێنی درۆ بهێننەوە بۆ ناو سـابڵاغ و بیکوژن(گەڕووسـی، ٢٠٠٧، ل١٤٦، ١٥٥-١٥٦؛ فیضـی، ١٣٩١، ص١٤٣). هەرچۆنێک بێت کوژرانی هەمزاغا لە جاران زیاتر کۆنفیدراسـیۆنی ئێڵی بڵباسـی بەرەو لێکترازان و نەمان برد، زەبرێکی کوشـندەش بوو بەر شـێخ عوبەیدوڵلا و هەوڵەکانی لە دووبارە دەسـتپێکردنەوەی شـۆڕش کەوت، سـەرباری ئەمانەش هەروەکو نووسـەرێکی ئێرانی دەڵێت: "ئەگەرچی ئەم بزووتنەوەیەی کورد نەگەیشـتە هیچ دەرئەنجام و دەسـتکەوتێك و هەر بە زوویی کوژێنرایەوە، بەڵام لە لایەنی سـیاسـییەوە گرنگییـەکی ئێجگـار زۆری هـەبوو، بزووتنـەوەیـەکی لـەم چـەشـنـە بـە هۆی

ناکۆکییەکانی ئێڵ و هۆزەکان و دوژمنایەتی نێوانیان ئەوەی خستە ڕوو، کە ڕاپەڕینی کوردەکان و یەکگرتوویيان تا چ ڕادەیەك بۆ ئەمڕۆکە نامومکینە و ناتوانین بە پێکهاتە و یەکگرتووی هۆزە کوردەکان ئومێدەوار بین"(محمود، ١٣٥٣، جلد چهارم، ص١١٨٥-١١٨٦).

هەرچەندە سیاسەتی توندوتیژانەی حکومەتی قاجاری بووە هۆی کوشتار و سووتاندنی گوندەکان و ئاوارەبوونی بەشێک لە هۆزەکانی بڵباس بۆ خاکی عوسمانی، بەڵام هاوکاتیش بووە هۆی لێک نزیک کردنەوە سیاسەتی هەردوو دەوڵەتەکە بەرانبەر بە هۆزەکان، دەوڵەتی عوسمانی پێیوابوو ئەگەر هۆزەکان لەناو خاکی عوسمانی بە بێدەنگی بۆ خۆیان دانەنیشتن سەرپێچییان کرد، ئەوا چەکەکانیان لێدەستێنرێتەوە، لە کاتی هەر تێپەڕاندن و بەزاندنێکی سنووریشدا، بەبێ گەڕانەوە و پرسکردن بۆ دەوڵەتی عوسمانی، یەکسەر لێکۆڵینەوەیەکی تەواویان لەسەر سازدەکرێ بەمەبەستی تەمبێکردنیان، ئەم ڕێنماییە بۆ باڵیۆزخانە و ویلایەتەکانی مووسڵ و وان و وەزارەتەکانی جەنگ و دەرەوەی دەوڵەتی عوسمانی نێردراوە(BOA. A_}MKT_MHM__486_28_7_1؛ BOA. A_}MKT_MHM__486_28_8_1)، هاوکات دەبێت وەزارەتی دەرەوەی عوسمانی لەلای دەوڵەتی قاجاری دەستپێشخەری پێویست ئەنجام بدات، دەربارەی تەمبێکردنی ئەو هاووڵاتیانەی کە سەر بە دەوڵەتی عوسمانین و سنووری ئێران دەبەزێنن، ئەوا دەوڵەتی عوسمانییش مافی ئەوەی هەیە داوای سزادانی ئەوانە بکات، کە هاووڵاتی ئێرانن و ستەم و دەستدرێژی بەرانبەر خەڵکی عوسمانی ئەنجام دەدەن، بۆیە پێوستە لێکۆڵینەوەیەکی تەواو لەلایەن هەردوو دەوڵەتەوە ئەنجام بدرێت بۆ تەمبێکردن و گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست دژی ئەوانەی سنوور دەبەزێنن و دەستدرێژی ئەنجام دەدەن، بۆیە وا بەگونجاو زانراوە کە وەزارەتی دەرەوەی عوسمانی بەو شێوەیە ئاگادارینامە بداتە باڵیۆزخانەی ئێران(BOA. A_}MKT_MHM__486_28_2_1).

سەرباری ئەو بارودۆخە ناهەموارەش، کە هۆزەکانی بڵباس لە دوای شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵاوە بە هۆی سیاسەتی دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری دووچاریان بووە، بەڵام لە ناوچە سنوورییەکانی نێوان هەردوو دەوڵەتدا خاوەنی پێگەیەکی گەورەی سیاسی و سەربازی و کۆمەڵایەتیی بوون، هەروەکو لە بەڵگەنامەیەکی عوسمانیدا دەردەکەوێت، کە پێکهاتووە لە ئاگادارینامەیەکی شەهبەندەری(٤) عوسمانی لە سابلاغ، بە مێژووی (١٨٨٣/١٠/٣١)، ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە ، لەناو ئەیالەتی سابلاغ و سەر سنووری دەوڵەت، سێ هۆزی کوردی بڵباس بوونیان هەبووە، لەوانە هەریەك لە هۆزی مامەش، کە لە ناوچەی (لاجان)ن و (٢٥٠٠) سوارچاك و (١٠٠٠) پیادەیان هەبووە، هۆزی مەنگوڕیش، کە

زەوییەکانی (وەزنە)یان دەست بەسەردا گرتووە، هۆزی گەورک لە دەوروبەری سەردەشت، هەریەکەیان لەتوانایاندا هەبووە (١٥٠٠) سورچاك ئامادەبکەن، لەبارەی چەك و تفاقەکانیان لە کارگەکانی خۆیان بەرهەمیان هێناوە یان چەکی مارتینی تەقلیدی، یاخود تفەنگی بەردانی ڕووسی بووە، هەریەك لە سەربازەکانیان نزیکەی (١٥٠) فیشەکی لا بووە، هۆزەکانی ناوبراو لەڕووی ئیدارییەوە تاڕادەیەک سەربەخۆن و لەبەرانبەردا سالآنە باجیان دەدا بە دەوڵەتی ئێران، لە ناوچەکانیشیاندا سەرباز و ئەفسەری نیزامی ئێرانی بوونیان نەبوو، تەنیا لە سەردەشت نەبێت، کە فەرماندەیەك و (١٠٠ بۆ ٢٠٠) سەربازی پیادەی ئێرانی لێبووە(BOA:Y_PRK_EŞA_3_83_1_2).

نابێت ئەوەمان لەبیربچێت هەرجۆرە سیاسەتێکی هەردوو دەوڵەتەکە بەرانبەر بە هۆزەکانی ئێڵی بڵباس، جا پشتگیری بووبێت یان دژایەتی بۆ ماوەیەکی زۆر جێگیر و بەردەوام نەبووە، بەڵکو پەیوەست بووە بە بەرژەوەندی خۆیان و ڕادەی ملکەچ بوونی هۆزەکان لە پێدانی باج و سەرانە و سەرباز بۆ حکومەتی ناوەندی، هەرکاتێکیش هۆزەکان ملکەچی و گوێڕایەڵی کاربەدەست و فەرمانبەرە گەندەڵ و لێنەهاتووەکاندا نەبووبن، ئەوە هۆزەکانی بڵباسیان بەیاخی بوو و سەرەڕۆی لە یاسا دەرچوو هەژمارکردووە و ناچاریان کردوون هەوارگە و ناوچەکانیان لە خاکی ئەو دەوڵەتەدا بەجێبهێڵن و بۆ ماوەی چەند ساڵێک ڕوو لە دەوڵەتەکەی دیکە بکەن، ئەم بارودۆخەش لە بەڵگەنامەیەکی عوسمانیدا دەردەکەوێت، کە بۆ (١٨٨٨/٩/١٨) دەگەڕێتەوە و ئاراستەی سەدری ئەعزەمی عوسمانی کراوە، ئاماژەی بۆ ئەوەکردووە، بە هۆی ئەو زوڵم و زۆرەی لێیان کراوە، هۆزی پیرانی ئێڵی بڵباسی بە (٧٠٠) ماڵەوە ناچارکردووە لە زێد و ناوچەکانی خۆیان لەناو قەزای ڕانیە بۆ ناوچەی لاجانی ئێران کۆچ بکەن، ئەمانە لە شوێنکەوتووانی دەوڵەتی عوسمانی بوون، بۆیە پێویستە بە میهرەبانییەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت و ئەو گوندانەی بەجێیان هێشتوون پێیان بدرێتەوە بگەڕێنەوە شوێنی بنچینەی خۆیان، هەروەها محەمەد ئەمین ئاغای سەرۆکیان، نامەی بۆ کاربەدەستانی عوسمانی ناردووە و داوای ئەوەی کردووە بگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان، ئەم کارەش سوودی بۆ ئاوەدانکردنەوەی شوێنەکە و گەنجینەی دەوڵەتی عوسمانیش دەبێت(ڕەحمان، ٢٠١٩، بەرگی حەوتەم، ل٣٤).

وەک دەردەکەوێت، کاربەدەستانی عوسمانی گوێیان بە داواکاریی سەرۆک هۆزی پیران نەداوە و بەردەوام بوون لەسەر سیاسەتی باج و سەرانە لێسەندن و فشارکردن لە هۆزەکانی بڵباس، ئەمەش زیاتر ژیانی هۆزەکانی بڵباسی بەرەو چەرمەسەری و ڕاکردن لەو بەری سنوورە بۆ بەرەکەی دیکەی سنوور بردووە، لەو سۆنگەیەوە مامەند ئاغا کوڕی

محەمەدئەمین ئاغای سەرۆک هۆزی پیرانی ئێڵی بڵباس و چەندین کەسایەتی دیکەی ئێڵی بڵباس دووبارە لەساڵی (١٨٨٩)، لە هەولێرەوە چەندین تەلەگرافنامەیان ئاراستەی کاربەدەستانی عوسمانی لە ئەستەمبووڵ کردووە، تێیدا دەڵێن: "لە سەرانی گەورەی ئێڵی خێمەنشینی بڵباسین، کە سەر بە قەزای ڕانیەیە لە سنووری ویلایەتی مووسڵ، وەك لەلایەن ویلایەتەوە ڕوونە، کە ناحیەی لاجان لەسەر سنووری ئێران، خاکی دەوڵەتی شکۆداری عوسمانییە و هەر لە کۆنەوە موڵکی باب و باپیرانمان بووە و لە وەرزی هاویندا شوێنی کشتوکاڵ و لەوەڕگای ئاژەڵەکانمان بووە، پێش سێ چوار ساڵ لەمەوبەر لەلایەن فەرمانبەرانی ئێرانەوە دەستی بەسەردا گیراوەو بینایەی تێدا دروستکراوە، نزیکەی (١٠٠٠) ماڵیش لە ئێڵەکەمان، کە هیچ موڵکێکیان نیە بۆیە لە لایەن فەرمانبەرانی ئێرانییەوە بە مامەڵەی نەرم سەرنجیان ڕاکێشراوە و ماڵیان گواستووەتەوە بۆ ناوچەی ناوبراو، بەڵام لەلایەن ئیدارەی ناوچەییشەوە [کاربەدەستانی عوسمانی- توێژەران] هەوڵدەدرێت باجی ئەوانەی کە ڕۆیشتوون لەوانە وەربگیرێت کە هێشتا ماونەتەوە، هەروەها لەناوچەی بتوێنی سەربە قەزای ناوبراو، کە چەند گوندێك و یەك دوو ڕووبارمان بە فەرمانی باڵای شاهانە پێدرابوو، لێمان سەندراوەتەوە، بۆیە ئەندامانی دیکەشمان پەرتەوازە بوون، هەرچەندە چەندین جاریش ئەم بابەتەمان بۆ شوێنی پێویست خستووەتەڕوو، بەڵام لەبەر ئەوەی کاروبارەکان بە ئاراستەی کۆکردنەوە و بەڕێوەبردنی ئێڵەکە بەڕێوە ناچن، ئێمەش بەبێ ئێڵ و هۆز، چ بە ماڵ و چ بە گیان ناتوانین سوود بە دەوڵەت و میللەت بگەیەنین، بۆیە ئەگەر دەرمانێك بۆ دەردی ئێمە هەبێت بە پشتیوانی خودا هەموویان دەگەڕێنەوە، ئەگەرنا بە ناچاری ئەوەتان بۆ دەخەینەڕوو، کە بۆ پشتیوانیکردن لە ئێڵەکەمان پێویستە ئێمەش لەگەڵ ئەوانەی ماونەتەوە بڕۆینە خاکی ئێرانەوە"(BOA: ŞD__2550_34_6_1)(٥).

لە پەرچەکرداری ئەو سیاسەتەی کاربەدەستانی قاجاری بۆ ڕاکێشانی لایەنگری هۆزەکانی بڵباس بەلای خۆیاندا، وا دیارە کاربەدەستانی عوسمانیش کەوتوونەتە خۆیان و ویستوویانە خەڵکی لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە تایبەتی لە هەرێمی موکریان بەلای خۆیاندا ڕابکێشن و لە دژی حکومەتی قاجاری چەکدارییان بکەن، هەربۆیە بەگوێرەی بەڵگەنامەیەکی عوسمانی، کە لە (١٨٩٢/٥/١٦)، لە وەزارەتی دەرەوەی عوسمانییەوە ئاراستەی ویلایەتەکانی وان، ئەرزڕووم، بەغداد و مووسڵ کراوە، کە تێیدا ئاماژەی بە گازندەی باڵیۆزی ئێران لە ئەستەمبووڵ کردووە، لەسەر ئەوەی گوایە کوردەکانی ناوچەی سەڵدوز بەشێوەیەکی تەواو و خێرا سەرقاڵی کڕینی چەکن، بەپێی ئەو پڕوپاگەندانەی لە ناوچەکەدا بڵاوبۆتەوە دەوڵەتی

عوســـمانی بڕی (١٠٠٠) تفەنگی مارتینی داوەتە کوڕی مامەند ئاغای ســـەرۆکی هۆزی پیرانی بڵباس بۆ ڕێکخستن و دەست بەسەرداگرتنی ناوچەی لاجان و دەرپەڕاندنی هۆزی مامەشـــی ســـەر بە ئێران، هەروەها عوســـمانییەکان بە ئاغای ناوبراویان گوتووە، ئەگەر هۆزی مەماش لەلایەن ئێرانەوە یارمەتی ســـەربازیدرا، ئەوا عوســـمانییەکانیش لەبەرانبەردا لە ڕووی سەربازییەوە دەست تێوەردان دەکەن...(BOA: DH_MKT__1964_97_1_1 ).

گەرمیـان و کوێســـتـانی هۆزەکـانی بڵبـاس لە نێوان بـاشـــوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستـان بۆ لەوەڕاندنی مەڕوماڵاتەکانیان، کێشـەی بەردەوامی لەسـەر لەوەڕگا و زەوی و زار لە نێواندا دروســت دەکردن، کاربەدەســتانی عوسـمانی و قاجاریش ئەمەیان بەهەل دەزانی بۆ دەستێوەردانی زیاتر لە کاروباری هۆزەکان، بەگوێرەی زنجیرە بەڵگەنامەیەک کە بۆ ساڵی (١٨٩٣) دەگەڕێنەوە، لە والی مووسڵەوە ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆی عوسمانی کراون، ئاماژەی بە ناردنی دوو ســـێ فەرمانبەری بە دەســـەڵات لەلایەنی ســـەربازیی و حکومیەوە بۆ نێو ئێڵی بڵباس  کردووە، کە لە لەوەڕگانی ســـنووری عوســـمانین و خـەریکی چوون بوون بۆ نـاوچەی لاجـانی ئێران، بۆ ئـەوەی ئـامۆژگـاریـان بکـەن و لە خاکی عوســـمانی نیشـــتەجێ ببن و گوێڕایەڵی عوســـمانییەکان بن، لە بارودۆخێکی واهاشـــدا ئـەگـەر وەك ســـاڵی ڕابردوو لەلایەن هۆزی مامەش و ئێرانییەکانەوە هێرش بکرێتە ســـەریان، ئەوە ڕاســـتیی ڕووداوەکە ڕوون دەبێتەوە کە خەتای هۆزی مامەش و قاجارەکانە(BOA: DH_MKT__136_77_3_1)[٦].

ئەو دەســـتێوەردانەی عوســـمانی و قاجارەکان لە کاروباری هۆزەکانی بڵباس و دروســـتکردنی نـاکۆکیی و ملـملانێ لە نێوانیـانـدا بەردەوام بووە، ئەمەش لە بەڵگەنـامەیەکی عوســـمـانیـدا بەڕوونی ڕەنگـدەداتەوە، کە لە (١٨٩٣/٣/٢٩) لە لایەن باڵیۆزی عوسـمانی لە تارانەوە ئاراسـتەی وەزارەتی دەرەوەی ولاتەکەی کردووە، تییدا ئاماژە بۆ ئەوە کردووە، ساڵی ڕابردوو محەمەد ئەمین ئاغای سەرۆکی هۆزی پیرانی ئێڵی بڵباس لەگەڵ ئەندامانی هۆزەکەی، وەک هەموو جارێک چوونەتە لاجان بۆ ســـەر ئەو گوند و دەشـــتایەی، کە ناوبراو بەڕیوەیان دەبات، بەڵام لەو کاتەدا لە لایەن هۆزی مامەشـــەوە پەلامار دراون و دووچاری زیان و لەناوچوونێکی زۆر بوونەتەوە، بەگوێرەی لیکۆڵینەوە و بەڵگەکان دەرکەوتووە مامەشـــیەکان زوڵمیان لە پیرانەکان کردووە(ڕەحمان، ٢٠١٩، بەرگی حەوتەم، ل٨٤). بەڵگەنامەیەکی دیکەی عوســـمانی لە هەمان ســـاڵدا، جەختی لەســـەر ئەوە کردووەتەوە، کە: " ئێرانییەکان بۆ یارمەتیدانی هۆزی مامەش لەشـــکر و تۆپیان بۆ ناردوون و لە دژی هۆزی پیرانی ئێمە [دەوڵەتی عوسـمانی- توێژەران] دەجەنگان، ســـەرۆک هۆزی مـامەش (محەمەد ئـاغـا) دژی گـەڕانـدنـەوەی لاجـانە کـە لـە مێژووی

عوســــمانی بوونی هەبووە، چونکە لەناوچەی ناوبراو باخ و باخچەی فراوانی تێدایەوە و ناوچەیەکە بە ئاوەدانی و ئاو وهەوای دڵکراوە بەناوبانگە و ســــاڵانە (٢٥٠٠ بۆ ٣٠٠٠ ) لیرە داهاتی هەیە، بەهەمان شــێوەش ناوچەی وەزنە هیچی لە ناوچەی لاجان کەمتر نیە، هەرچی هۆزەکانی مەنگور و گەورکی ئێڵی بڵباســـە زەویەکانیان بەزۆری شــاخاوییە، هۆزی (گەورک)، کە لە ســەردەشــت نیشــتەجێن شــوێنکەوتووی دەوڵەتی شــاهانەی عوسمانین و بەناوی خەلافەتەوە خوتبە دەخوێننەوە"(BOA: Y__PRK_EŞA__3_83_1_4).

زۆرجار دەوڵەتی عوســــمانی و قاجاری لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیان پەنایان بۆ پێکهێنانی لیژنە بۆ چارەســــەرکردنی هەندێک لە کێشـــەی نێوان ســــەرۆک ئێڵ و هۆزەکان بردووە، ئەم سیاسەتەشیان زۆرجار بۆ هێورکردنەوەی دۆخی ئاسایش و ڕوونەدانی پشــێوی یان بۆ بەدەســتهێنانی هاوســۆزی لایەنێکی ناو ململانێکە بووە(إبراهیم، ٢٠٠٧، ص٣٨١). لەژێر ڕۆشنایی ئەم سیاسەتەدا لە (١٨٩٣/٥/٢٢) لێژنەیەکی هاوبەشی عوسمانی و ئێرانی بۆ چارەســــەرکردنی ناکۆکی نێوان هۆزەکانی پیران و مامەشـــی ئێڵی بڵباس پێکهێنراوە، بۆ ئەو مەبەســــتە فەرمانبەرانی هەردوو لا، لە لاجان و ڕانیە کۆبوونەوەیان کردووە، بەڵام کارمەندانی ئێرانی ویستوویانە هۆکاری ناکۆکییەکە بخەنە پاڵ هۆزی پیران، هاوکات هۆزی مامەشیش بە بێتاوان پیشان بدەن(ڕەحمان، ٢٠١٩، بەرگی حەوتەم، ل٦٦،٦٨-٦٩).

کاربەدەستانی عوسمانی سەبارەت بەو کێشە هۆزایەتییەی لەنێو ئێڵی بڵباسدا هەبووە، ڕاپۆرتێکی چەند لاپەڕەییان ئامادەکردووە و لە (١٨٩٤/٧/١٢)، بۆ ســــوڵتانی عەبدولحەمیدی دووەم (١٨٧٦-١٩٠٩) ناردووە و ئاماژەییان بەوە کردووە، کە ئێرانییەکان بە هاوکاری هۆزی مامەش دەیانەوێت ئەمســاڵ ســنووری لاجان ببەزێنن و بیخەنە ســەر خۆیان، حکومەتی قاجاری مامەشـــیەکان بەکاردەهێنێت بۆ داگیرکردنی ناوچەکە، بۆیە پێویستە سەربازی عوسمانی بنێردرێتە ناوچەکە، مامەشیەکان بەهۆی دوژمنایەتیان لەگەڵ هۆزی پیرانی بڵباس، کە لایەنگری دەوڵەتی عوســمانین هەســت بە مەترســی دەکەن، بە تایبەتی لە کاتی چوونی ســــەربازانی عوســــمانی بۆ ناوچەکە، پیرانەکان ناچارن بۆ پاراستنی موڵکەکانیان لە لاجان هەموو ساڵێک لەگەڵ ئەوانە شەڕ بکەن، پێویســــتە دەوڵەتی عوســــمانی بایەخ بە هۆزەکانی ئەو ناوچەیە بدات بۆ ئەوەی ناوچەکە بپارێزێت و نەبنە لایەنگری دەوڵەتی ئێران(BOA: Y__PRK_ASK__99_14_1_1)[٧].

ســیاســەت و ڕێگەیەکی دیکەی عوســمانی و قاجارەکان بۆ دەســتێوەردان لە کاروباری ئێڵی بڵباس ئەوەبوو، کە هۆزەکانی بڵباس بەشــــێوازی کۆچەری دەژیان و

ئامادەنەبوون واز لە گەرمیان و کوێســـتان کردن بهێنن، هەواری زســـتانەیان دەکەوتە باشووری کوردستان لەناو خاکی عوسمانی، هاوینە هەوارەکانیشیان دەکەوتە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان لە خاکی ئێران، ئەمەش هەمیشــە وەکو کارتێکی ئامادە وابوو بەدەســت کاربەدەســـتانی هەردوو دەوڵەتەکە بۆئەوەی دژایەتی ئەو هۆزانەی بڵباســـی پێبکەن کە لایەنگری دەوڵەتی بەرانبەر بوون، لە ســایەی ئەم ســیاســەتەوە کاربەدەســتانی قاجاری لە ســـابڵاغ و تەوریز زۆرترین کات پشـــتگیری هۆزی مامەش بوون کە گوێڕایەڵی خۆیان بوو، بۆ دەســـــتبەســــەر داگرتنی زەوی و لەوەڕگا و گوندی ئەو هۆزانەی بڵباس، کە لایەنگر و شــــوێنکەوتەی عوســــمانی بوون، بە تایبەتی ناوچەکانی هۆزی پیران کە دەکەوتنە ســەر ســنووری نێوان هەردوو دەوڵەتەکە، ئەمەش نزیکەی پازدە کەســایەتی و مەلا و موختاری هۆزی پیرانی بڵباسی لە (١٨٩٤/٨/١٠) ناچار کردووە، نامەیەک مۆربکەن و ئاراســتەی (ئەمین بەگ)ی ســەرۆکی پاشــکۆی ســەربازی لە باڵیۆزخانەی عوســمانی لە تاران بکەن و تێیدا نووسیویانە: "عەشیرەتی پیرانی بڵباس سەر بە دەوڵەتی عوسمانییە، .. ناوچەکانی لاجان و زێڕکڕ و هەرچی موڵك و ماڵ هەیە بەتەواوی هی ئێمەیە، لەگەڵ ئەوەشدا بەر لە چوار پێنج ساڵێکە هۆزی مامەش بە یارمەتی و هاوکاری ئێران دەستیان بەســـەر لاجان و گوند و زەوی و موڵکەکانمان داگرت، بەهۆی پێویســـتی بارودۆخاکە هێواش هێواش (٧٠٠) ماڵی هۆزەکەمان لەوێ کۆچیان کرد، بەشــێکی زۆری هۆزەکانی دیکەش لە لێواری کۆچکردن و جێهێشـــتنی ماڵەکانیانن، ســـەرۆکی هۆزی مامەش (مەحمەد ئاغای مامەش) بەشـــێوەیەکی بەردەوام لە هاندان و تەماحکاریدایە، بۆیە ئەگەر موڵك و گوندەکانمان لە دەســتی مامەشــیەکان و ئێرانییەکان دەرنەهێنرێت و ڕادەســـتی ئێمە نەکرێتەوە ئەوا مەنگوڕ و پیران و هۆزە بڵباســـیەکانی دیکە ئاوارە و پەرێشـــان دەبن، پێشـــتریش لایەنی شـــاهانەمان ئاگادارکردەوە لەبارەی ئەو ئازار و نارەحەتییانەی تووشـــمان هاتووە، بەڵام هیچ ئەنجامێکی نەبوو بەمەش نارەحەتی و پەرێشانیمان دووبارە بوویەوە..."(BOA: Y__PRK_EŞA__20_20_3_1).

دەوڵەتانی عوســمانی و قاجاری هەوڵەکانیان بۆ لێکترازان و پەرتکردنی زیاتری هۆزەکانی بڵباس بەردەوام بووە، چونکە یەکگرتوویی هۆزەکانیـان بە مەترســـی بۆ ســـەرخۆیـان دەزانی لەو پێنـاوەشـــدا هەموو ڕێگەیەکیـان دەگرتەبەر، هەر وەک لە بەڵگەنامەیەکی قاجاری دەردەکەوێت، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (١٨٩٦/٦/٢٥)، لە لایەن ئیمام قولی خانی فەرمانڕەوای ســـابڵاغ بۆ شـــای قاجار لە تاران نێردراوە، دەڵێت:" محەمەد ئاغای مامەش ئامادەکاری کردووە، کە هەموو هۆزە ڕەوەند (کۆچەری)ەکان بۆ لای خۆی ڕابکێشـــێت وگوێڕاڵی بن، بەڵام قادر ئاغای مەنگوڕ لە فەرمانەکانی

ســـــەرپێچی دەکات و گوێڕایەڵی نابێت، بۆیە محەمەد ئاغای مامەش بە هاوکاری هاوپەیمانەکانی لە هۆزەکان و کاربەدەســــتانی حکومەت، دەیەوێت قادر ئاغا لە سەرۆکایەتی مەنگوڕ دووربخاتەوە، بەبیانووی ئەوەی لابردنی قادر ئاغا و دانانی بایز ئاغا لە بەرژەوەندی دەوڵەتدایە، بۆیە خۆم ئەم بابەتە بە بەرژەوەندی حکومەت نازانم، کە هەموو ڕەوەند و هۆزی ئەم سنوورە یەکگرتوو و یەک هەڵوێست بن، بە چ دڵنیاییەکەوە دەتوانین ئەمانە هەموو یەکگرتوو بکەین، ئێستا بایز ئاغا و چەند کەسی نزیکی خۆی لەگەڵ محەمەد ئاغای مامەش سوێندیان خواردووە، کە لە هەر ئیش و کارێکدا یەک فەرمان و یەک هەڵوێستی یەکگرتوویان هەبێت، لە بارودۆخێکی وەهادا ئەگەر پێویست بێت چۆن دەتوانین هۆزی مامەش و مەنگوڕ بەگژیەکدا بکەین، ئەوکات دەڵێن سوێندی دڵسۆزی و یەکگرتوویان خواردووە نەک دوژمنایەتی، بۆیە ســــەرۆکایەتی بایز ئاغا لە ئێســـــتا لە بەرژەوەندی ئێمەدا نییە"(NLAI-295-7876-186) .

ئیمام قولی خان، یەکگرتوویی هۆزەکانی بڵباســـی هێندە بە مەترســـی زانیوە، بۆیە لە هەمان نامەی سەرەوەدا سوێندی بۆ شای قاجار خواردووە، کە ئەو هاوهەڵویستی و هاوســــوێندیەی لە نیوان هۆزەکانی (مەنگوڕ و مامەش)دا هەیە لە بەرژەوەندی دەوڵەت و خەڵک نییە، هەروەها جەختی لەوەش کردووەتەوە، کە بە هەزار درۆ و فێڵ، دووبەرەکی و دوژمنایەتی لە نێوان ئەم دوو هۆزەدا دروســـت کردووە تاوەکو لە ترســـی یەکتری خزمەتی حکومەت بکەن، چونکە پێی وابوو ئەگەر ئەم هۆزانە یەکگرتووبن هەرکاتێک بۆیان گونجاوبێت بە پاڵپشـتی یەکتری ئیشی گەورە و سەرپێچی گەورە ئەنجام دەدەن، بۆیە ڕازیبوون بەیەکگرتنی ئەم هۆزانە خیانەتە و بە هیچ شێوەیەک لە بەرژەوەندی حکومەتدا نەبووە(NLAI-295-7876-186).

ســــەرباری ئەوەی فەرمانبەران و کاربەدەســــتانی قاجاری دژی یەکگرتن و گردبوونەوەی هۆزەکانی بڵباس بوون لەژێر سەرکردایەتی محەمەد ئاغای مامەش، بەڵام بە گوێرەی بەڵگەنامەیەکی دیکەی قاجاری، کە بریتییە لە تەلەگرافنامەیەک، لە (١٨٩٦/٧/١) لە لایەن (محەمەد ئاغای مامەش) و (ســــەلیم پاشـــــای چوار دۆڵی)یەوە، لە ســابڵاغەوە بۆ جێگری شــای قاجار لە تەورێز نێردراوە، تێیدا هاتووە: "لە شــاری تەورێزەوە ئەرکی خزمەتگوزاری و پاراســتنی سـنوور بەگوێرەی فەرمانی ئێوە بە ئێمە ســپێردراوە و بڕیارتان داوە ئەگەر ناســـەقامگیری و کێشـــەی ســـنووری لەم ســـنوورە ڕوویدات، ئێمە بەرپرســین، بۆیە ئێمەش لەگەڵ بایزید ئاغای مەنگوڕ وەکو سەرۆکی خەڵکی مەنگوڕ و خزم و کەسوکارەکەی کۆبوونەوەیەکمان سازکرد، بەپێدانی بەڵێن وسۆز بە ئەغای ناوبراو، لە گەڵی ڕێککەوتین وهانمان دا بۆ ئەوەی خزمەتکاری دیوان بێت، ســـــوێندیان

خوارد لەگەڵ هۆزی مـامەش ڕێکەوتن بکەن و وەکو هۆزی چوار دوڵی و مـامەش ببنە سـەرچاوەی خزمەت لە سـنوورەکان و ڕێگربن لە هاتن و چوونی ئێڵ و هۆزە کۆچەرییە دەرەکیەکـان بۆ نـاو سـنووری ئێران، ئێمەش بەڵێنمـان پێیـان دا، کە دیوانی بـاڵای حکومەت، ناوبراو وەکو سـەرۆکی هۆزی مەنگوڕ دەسـتنیشـان بکات و پشـتیوانی و پاڵپشـتی پیویسـتان لێ دەکرێت، ئەگەر ئەم داواکاریەی ئێمە لەسـەر سـەرۆکایەتی بایزید ئاغا بۆ هۆزی مەنگوڕ قبووڵ نەکرێت، کاروباری سنوور توشی کێشە و گرفت دەبێتەوە و ئەوکات ئێمە تێیدا بەرپرس نین"(NLAI-295-7930-51).

سـیاسـەتی قاجاری و عوسـمانییەکان بەرانبەر بە هۆزەکان جێگیر و بەردەوام نەبووە، هەرکاتێک بەرژەوەندییان لەگەڵ سەرۆک هۆزەکان نەمابایە، هەردوو دەوڵەتەکە دەکەوتنە بیانوو پێگرتن و دژایەتیکردن و هێرشکردنە سەریان، ئەم دیاردەیەش بەرانبەر بە محەمەد ئـاغـای مـامەش ڕوویـدا، کـاتێـک بە درێژایی مـاوەیەکی زۆر لایەنگر و دڵسـۆزێکی باشـی حکومەتی قاجاری بووە و لە لایەن کاربەدەسـتانی ئەوە دەوڵەتەوە پشـتگیری کراوە، بەڵام لە سـاڵی (١٨٩٦)، سـلێمان ئاغای برای محەمەدئاغای مامەش خاکی ئێرانی جێهێشتووە و ڕووی لە خاکی عوسمانی کردووە، نارەزایی کاربەدەستانی باڵای حکومەتی قاجاری، بە تایبەتی موزەفەرەدین شـا(١٨٩٦-١٩٠٧)ی لێکەوتووەتەوە، پێیانوابوو ئەم بابەتە بە هاندان و دەستی محەمەد ئاغای برای بووە، تاوەکو لەو ڕێگەیەوە بۆ پێشخسـتنی کارەکانی خۆی مەسـەلەکەی سلێمان زەق بکاتەوە و بەو شـێوەیە بە هەندێک لە ئامـانجەکـانی بگـات(وزارت امور خـارجـه...، ١٣٧٠، جلـد چهـارم، ص١٥٠). هەربۆیە لە کۆتاییەکانی سـەدەی نۆزدەدا کاربەدەسـتانی ئێرانی لە تاران و تەورێز، پەیوەندییەکانیان لەگەڵ محەمەد ئاغای مامەش بۆ ماوەیەک تاڕادەیەک بەرەو خراپی چووە، ئەمەش لە چەند بەڵگەنامەیەکی قاجاری، کە لە ماوەی ساڵانی (١٨٩٦-١٨٩٧) لە نێوان وەزارەتی دەرەوەی ئێران و ویلایەتی ئـازەربـایجـان ئـاڵوگۆڕ کراوە دەردەکەوێت، کە ئاغای ناوبرا و بە کەسێکی خراپ ناوزەند کردووە و چەندان تۆمەتیان بۆ دروستکردووە، ئەمەش سـەرەتای تێکچوونی پەیوەندی نێوان هۆزی مامەش و کاربەدەسـتانی دەوڵەتی ئێرانیە(وزارت امور خارجه...، ١٣٧٠، جلد چهارم، ص١٣٣-١٣٥).

ڕێگایەکی دیکە، کە کاربەدەسـتانی قاجاری دەیان ویسـت بەهۆیەوە نفووزی حکومەتی ناوەندی لەناوچە کوردی و لەناو هۆزە کوردەکاندا بەهێز بکەن و ئاوێتە و گوێڕایەڵی خۆیانیان بکەن، هەوڵەکانی حکومەت بوو بۆ هێنانە ناوەوەی ڕێوڕەسـم و هێماکانی ئاینزای شـیعە بۆ ناوچەکوردییە سـوونییە بڵباس نشـینەکانی موکریان، ئەمەش بە هۆی جیاوازی مەزهەبیەوە پێکدادانی لێدەکەوتەوە و پەیوەندییەکانی نێوان

خەڵک و کاربەدەستانی حکومەتی لە ناوچەکەدا ئاڵۆزتر کردبوو، تاوەکو لە ئەنجامدا هۆزە جیاوازەکان خواستی خۆیان بۆ پەنا بردنە بەر دەوڵەتی عوسمانی دەربڕیوە، بۆ نموونە: لەساڵی (١٨٩٩) خەڵکی سابلاغ و دەوروبەری داوایان لە کونسوڵخانەی عوسمانی کرد، باڵیۆزەکەیان لە تاران ئاگادار بکاتەوە، تاوەکو حکومەتی قاجاری لەو زوڵم و زۆرە بوەستێنێت، ئەگەر خەلیفەی عوسمانی خەڵکی ناوچەی موکریان وەک هاووڵاتی قبوڵیان ناکات یان نایان پارێزێت، ئەوە ئەوان هەروەکو شێخ عوبەیدوڵلا خۆیان هەوڵی خۆپارێزی و تۆڵە دەدەن، یاخود پەنا بۆ کونسوڵخانەی ڕووس دەبەن( Ateş, 2013, P256).

نابێت ئەوەمان لەبیربچێت، دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری، هەرچەندە پشتگیری هۆزێک یان چەند هۆزێکی بڵباسیان لە دژی هۆزەکانی دیکەی ئەو ئێڵە کردووە، بەڵام ئەمە تەنیا بۆ جێبەجێکردنی سیاسەت و جێگیرکردنی دەسەڵاتی خۆیان بووە لەناوچە بڵباس نشینەکاندا، ئەگەرنا لە بنەڕەتدا متمانەیان بە سەرۆک هۆزەکانی لایەنگری خۆشیان نەبووە و بۆ دەرفەتێک گەڕاون تاوەکو دوچاری کێشەیان بکەنەوە، بۆنموونە: هەرچەندە سەرۆک هۆزی پیران دژ و هۆزی مامەشیش لایەنگر و دڵسۆزێکی سەرسەختی حکومەتی قاجاری بووە، بەڵام بەگوێرەی بەڵگەنامەیەکی قاجاری، کە لە (١٩٠٠/٧/٥) لە وەزارەتی دەرەوەی ئێرانەوە وەکو وەڵامێک بۆ کاربەدەستانی تەورێز نێردراوە، ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە هەرچەندە محەمەد ئەمین ئاغای سەرۆک هۆزی پیران پێشووتر لەگەڵ هۆزەکەی چووەتە ناوخاکی عوسمانی و لایەنگیری دەوڵەتی عوسمانی بوون و بەردەوام کێشەی سنووریان بۆ دەوڵەتی ئێران دروستکردووە، بەڵام دەستبەسەرکردنی ئەو ئاغایە بە چاک نازانن، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی هۆزی مامەش لە خاکی ئێراندا بەتەنیا گۆڕەپانیان بۆ چۆڵ دەبێت و هەندێک کردەوە و مامەڵە، کە لە سروشتی کوردەکاندایە بە دڵی خۆیان ئەنجامیان دەدەن، بۆیە گەڕانەوەی هۆزی پیران بۆ لاجانی خاکی ئێران سوودێکی زۆری بۆ دەوڵەت هەبووە (وزارت امور خارجه...، ١٣٧٠، جلد چهارم، ص١٩٤،٢٠١)، مەبەستیشیان لەو کارە ڕاکێشانی سەرۆک هۆزی پیرانی بڵباس بووە بۆ ناو خاکی ئێران و بەکارهێنانیەتی لە دژی محەمەد ئاغای مامەشی بڵباس، بۆئەوەی نەتوانێت دەسەڵاتێکی هۆزایەتی زۆری لە ناوچە بڵباس نشینەکاندا هەبێت و لەمپەرێکی بۆ دروست بکەن.

تەنانەت دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری، نەک ناکۆکییان دەخستە نێوان هۆزەکانی ئێڵی بڵباس، بەڵکو زۆرجار لە نێو یەک هۆزی ئێڵی بڵباسیش دووبەرەکیان دروستکردووە، بە ڕادەیەک برا لەگەڵ برا یاخود کوڕ لەگەڵ باوک کێشە و ململانێ دەکەوتە نێوانیانەوە، ئەمەش زۆر کات بە هۆی حەسوودی و بەرچاوتەنگیان لەسەر

ســـەرکردایەتی هۆز و پلە و ئیمتیازات ڕوویدەدا، ئەگەر حکومەتی قاجار ئیمتیازاتێکی بە سەرۆک هۆزێکی بڵباس بدایە، ئەوا دەبوو هەمان ئیمتیازات بە سەرۆکەکانی تریش بدات، ئەگەر وانەبووایە شەڕ و ئاڵۆزی سەریهەڵدەدا(دەمۆرگان، ٢٠١٢، پەراوێزی(١)، ل٣٨)، ئەوەتا کاتێک لە ساڵی (١٩٠٣)، ناکۆکی لە نێوان بایەزید ئاغا و باپیر ئاغای مەنگوڕ لەسەر سەرکردایەتیکردنی هۆزی مەنگوڕدا ڕوویدا، حکومەتی قاجاری لە تارانەوە باپیر ئاغای کوڕی هەمزاغای مەنگوڕیان وەک سەرۆک هۆزی مەنگوڕ ناساند، بۆیە بایەزید ئاغا خۆی بە غەدر لێکراو زانی و بەرەو دەوڵەتی عوسمانی کۆچی کرد، عوسمانیەکان پێشوازیان لێکرد و موچەی مانگانەیان بۆ بڕیەوە، هەرزوو عوسمانییەکان والی مووسڵ و بایەزید ئاغا و محەمەد ئاغای سەرۆک هۆزی شکاکیان ڕاسپارد بۆ هێرشکردنە سەر ناوچەی لاجان لەناو خاکی ئێران و داگیرکردنی(بورزوویی، ٢٠٠٥، ل١٢٠)، دەوڵەتی عوسمانی لەپای ئەو خزمەتانەی بایەزید ئاغای مەنگوڕ بۆ لایەنگیری دەوڵەت ئەنجامی دابوون، پلەی پاشا (میری میران)ی پێدا(BOA: DH_TMIK_M___242_37_10_2).

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم سیاسەتی دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری بۆ دەستێوەردان لە کاروباری هۆزەکانی بڵباس، بە ئامانجی یەکلایکردنەوەی کێشەی سنووری نێوان هەردوو دەوڵەتەکە بووە لە ناوچە سنوورییە بڵباس نشینەکان، چونکە هەردوو دەوڵەتەکە لە هەوڵی ئەوەدابوون لە ڕێگەی ڕاکێشانی هۆزەکانی بڵباس بەلای خۆیاندا، ناوچەکانیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بەشێک لەخاکی خۆیان هەژماربکەن، لەو سۆنگەیەوە بەڵگەنامەیەکی عوسمانی، کە مێژووەکەی بۆ (١٩٠٦/٢/٢٦) دەگەڕێتەوە، ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، ناوچەکانی وەزنە و مێرگانە و لاجان، کە شوێنی ژیان و بڵاوبونەوەی هۆزەکانی بڵباس بووە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، ئەمانە ناوچانەی کێشە لەسەری سنووری بوون لە نێوان دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری، بەڵام دەوڵەتی ئێران دەیەوێت لەڕێگەی ڕاکێشانی هۆزەکانی بڵباس ئەم ناوچانە بە بەشێک لە خاکی خۆی هەژماربکات، ئەمە لە کاتێکدایە کە بەشێکی زۆری هۆزەکانی بڵباس هەر لە زووەوە باجیان داوەتە دەوڵەتی عوسمانی و سەر بە دەوڵەتی عوسمانی هەژمارکراون، جگە لە هۆزی مامەش، کە دەوڵەتی ئێرانی بەلای خۆیدا ڕایکێشاون و لە ناوچەکانی لاجان و شنۆ و سندوس نیشتەجێکردوون و تەماحی پێداون، دەوڵەتی ئێران دەیەوێت لە ڕێگەی پلە و پاداشت پێدانەوە هۆزەکانی مەنگوڕ و پیران یش بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، یاخود دەویەوێت بە پاراستن و زەوی پێدان بە لایەنێک لە دژی یەکتر هانیان بدات (ڕەحمان، ٢٠٢١، بەرگی سیانزە، ل٢٣٠)؛ (BOA:Y_MTV284_25_2).

ئەو ڕاســتییە مێژووییەی ســەرەوە لە چەندان بەڵگەنامەی هەر دوو دەوڵەتەکەدا دەردەکەوێت، ئەوەتا کاتێک کێشـــەی ســـنووری لەناوچە بڵباس نشـــینەکان دەگاتە قۆناغێکی هەســـتیار و یەکلایکەرەوە، هەردوو دەوڵەتەکە ئاســـتی دەســـت تێوەردان و پشـتگیرکردنیان بۆ هۆزەکانی لایەنگری خۆیان زیاتر کردووە، تاوەکو لەو ڕێگەیەوە خاوەندارییەتی ئەو ناوچانە لە کاتی دیاریکردنی سنووردا بۆخۆیان مسۆگەربکەن، بۆیە دەوڵەتی قاجاری پشـــتیوانی خۆی بۆ هۆزی مامەش زیاتر کردووە، ئەمەش وا لە (محەمەد ئەمین ئاغا)ی ســـەرۆک هۆزی پیران کردووە، بەناوی ئێڵی بڵباســـەوە لە (١٩٠٨/١٢/١٥) نامەیەک بۆ ســـەرۆک وەزیران (ســـەدری ئەعزەم) و ســـەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نوێنەران (مەجلیســـی مەبعوثان)ی عوســـمانی بنێرێت[٨]، مەترســـی مەبەســـتی ئێرانییەکانی بۆ دەستبەسەرداگرتنی ناوچەکانی هۆزی پیرانی خستووەتە ڕوو، کە دەیانەوێت لە ڕێگەی پشـتگیریکردنی هۆزی مامەشـەوە ناوچەکانیان داگیربکەن و بە بەشـێک لە خاکی ئێران هەژماریان بکەن، لە کاتێکدا ناوچەکانی ئەوان هەر لە کۆنەوە بەشـــێک بوون لە خاکی عوسمانی، بۆیە سەرۆک وەزیرانی دەوڵەتی عوسمانی لە (١٩٠٩/١/٧) نامەیەک بۆ والی مووســـڵ دەنێرێت، داوای لێدەکات لێکۆڵینەوە بکرێت دەربارەی ئەوەی ئایا ئەو گوندانەی سەرۆك هۆزی پیرانی بڵباس باسی کردوون لەچوارچێوەی سنووری عوسمانین یان نا، بۆ ئەوەی ڕێکاری پێویست بگیرێتەبەر(BOA، BEO_3468_260070_1_1).

سەرباری ئەو شێوازەی سەرەوە بۆ ملکەچ پێکردن و وابەستەکردنی هۆزەکانی ئێڵی بڵباس بە دەوڵەتەکەیانەوە، بەڵگەنامەیەکی قاجاری لە (١٩١٠/٦/١٩) ئاماژە بە هەنگاو و ســـیاســـەتێکی دیکەی کاربەدەســـتانی عوســـمانی کردووە، کە: " کاربەدەســـتانی کاروباری عوســـمانی لە ناوچەی ســـەڵماس ڕاگەیاندراوێکیان بڵاوکردووەتەوە، کە دەوڵەتی ناوبراو تاوەکو شـەش ســاڵ لە دە یەکی مەڕ و دانەوێڵەی ڕەعیەتەکانی خۆش دەبێت، بابەتەکە هەر بەو جۆرەیە، کە عوســـمانییەکان بە هۆی ئاڵۆزی ناوخۆیی خۆیان چاپۆشـیان لە کوردەکان کردووە و بەم زمان لووسـییە دەیانەوێ دڵیان بۆ خۆیان ڕابکێشـن و خۆیان خۆشـەویست بکەن، هەروەها بەمجۆرە لە دانی باج بە دەوڵەتی ئێران ڕێگری بکەن"(وزارت امور خارجه...، ١٣٧٢، جلد ششم، ص٤٨).

هەموو ئەو سیاسەتانەی دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری لە ماوەی ساڵانی (١٨٨١-١٩١٤) بەرانبەر هۆزەکـانی ئێڵی بڵبـاس جێبەجێیـان کردووە، بەو ئـامـانجە بووە کە ویســتوویانە تەواوی هۆزەکانی ئێڵەکە یان چەند هۆز و تیرەیەکی بڵباس بەلای خۆیاندا ڕابکێشـــن، ئەمەش دەبووە هۆی پەرتکردن و لاوازکردنی کۆنفیدراســـیۆنی ئێڵی بڵباس لەلایەک و بەدەســـت هێنانی خاوەندارییەتی ئەو ناوچە و گوندە ســـنوورییانەی لە ژێر

دەســـتی هۆزەکانی بڵباســـدا بوو لەلایەکی دیکەوە، بۆیە لەگەڵ دەرکەوتنی هەر کێشـــەیەک لە نێوان هۆزەکانی بڵباســـدا، ڕاســـتەوخۆ هەردوو دەوڵەتەکە دەکەوتنە پشـــتیوانی چەند هۆزێک و دژایەتیکردنی ئەوانی دیکە، ئەم پەرت بوون و دەســـت تێوەردانانەش یەکێیەتی هۆزایەتی بڵباســـی لە لێواری لەناوچوونی کۆتایی نزیک کردبووە، چونکە هۆزەکانی بڵباس لەقۆناغە مێژووییەدا بە هاندان و پشـــتگیری عوســـمانی و ئێرانی ئەوەندەی خەریکی شـــەڕ و ململانێی یەکتر بوون، بە هیچ جۆرێک بیریان لە یەکگرتووی خۆیان نەدەکردەوە، هەریەک لەو هۆزانە ویستوویەتی بە پاڵپشتی یەکێک لەو دوو دەوڵەتە زۆرترین زەوی و زار و دەســـەڵاتی لەناوچەکەدا هەبێت و لەســـەر حسابی هۆزەکانی دیکە خۆی بەهێز و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی فراوانتر بکات.

**ئەنجام:**

١- لە دوای شـــۆڕشـــی شـــێخ عوبەیدوڵڵاوە کۆنفیدراســـیۆنی ئیلی بڵباس بەرەو لاوازی و لێکترازانی زیاتر چووە، سیاســەتی دەستێوەردان و بەلای خۆدا ڕاکێشانی هۆزەکانی بڵباس لە لایەن دەوڵەتانی عوســـمانی و قاجارییەوە زیاتر پەرەی ســـەندووە، حکومەتی قاجاری بۆ تۆڵەکردنەوە لە هۆزەکانی بڵباس بە هۆی بەشـداربیان لە شـۆڕشـەکەدا، ســـەربازی کوشـتوبڕ و تالانکردن و ســوتاندنی گوند وماڵەکانیان، دەسـتی داوەتە پیادەکردنی ســـیاســـەتی پەرتکە و زاڵبە لە بەرانبەریان، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە نەبنە مەترسی بۆ دووبارە سەرهەڵدانەوەی شۆڕش.

٢- قاجارییەکان هەمزاغای مەنگوڕیان بە دوژمنی سەرسەختی خۆیان داناوە، پێیانوابووە تاوەکو هەمزاغا لەناونەبەن، کۆتایی پێهێنانی مەترســـییەکانی ســـەرهەڵدانەوەی شـۆڕش تەواو نابن، دڵنیاش بوونە ناتوانن بە شـەڕ و پەلاماری سـەربازی بیکوژن، بۆیە سـاڵی (١٨٨١) بە یارمەتی کاکەئەڵڵای برای و ســـەرۆک هۆزەکانی دیکەی بڵباس، بە فێڵ و پیلان و بەڵێنی درۆ، بانگهێشتی ناو سابڵاغیان کردووە و لەناویان بردووە.

٣- ناوچە بڵباس نشینەکانی سـەر سـنوور لە دیوی ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان، بە تایبەتی لە ناوچەی موکریان، ناوچەی ســـنووریی کێشـــە لەســـەر بووە، کە هەردوو دەوڵەتەکە بانگەشەی ئەوەیانکردووە هۆزەکانی بڵباس و ناوچەکانیشیان بەشێکن لە خاکی دەوڵەتی خۆیان، ئەم سـیاسـەتەی هەردوو دەوڵەتەکە بووەتە هۆی ناجێگیری ئاسـایش لە ناوچە کوردییەکان بە گشـتی و ناوچە ســـنوورییەکان بە تایبەتی، بە جۆرێک هۆزەکانی بڵباس زۆرترین کات لە بارودۆخێکی تەنگەتاو ژیانیان بەسـەر بردووە، ئەم ترس و نائارامییە ڕەنگرێژی شـــێوازی ژیانیانی کردبوو، وای لێکردبوون هەمیشـــە

چەکدار و ئامادەی بەرگری و پەلاماردان بن، ئەمەش هۆزەکانی بلْباســـی کردووەتە کەرەســـــتەیەک بۆ یەکلایەکردنەوەی ئەو ململانێیە، کە ســــەرئەنجام زیانی بە سروشتی ژیان و سەرومالْی بلْباسەکان گەیاندووە.

٤- دەســـــتێوەردان لە کاروباری هۆزایەتی و خاوەندارییەتی زەوی و لەوەڕگای هۆزەکانی بلْباس، وای لە ســــەرۆک هۆزەکـان کردبوو هەریەکەیـان دوای بەرژەوەنـدی خۆی بکەوێت و لایەنگری یەکێـک لەو دوو دەولْەتە هەلْبژێرێـت، بۆ ئەوەی خـاک و خەلْکی هۆزەکەی بپارێزێت، ئەمەش پاشـــکۆیەتی هۆزەکانی بلْباســـی بۆ ئەم دوو دەولْەتە زیاتر کردبوو لە بەرانبەردا یەکێتیی هۆزایەتی ئێلْی بلْباســی بەرەو نەمان برد بوو، ئەمەش بەدیهاتنی ئەو ئامانجە بوو کە هەردوو دەولْەتەکە هەولْیان بۆ دەدا.

٥- سیاسەتی دەستێوەردانی هەردوو دەولْەتی عوسمانی و قاجاری، لە کاروباری هۆزەکانی بلْباس بەجۆرێک بوو، کە نەیاندەهێشـــت هیچ کاتێک بارودۆخی کۆمەلاّیەتی و ســـیاســـی و ئابووری ئێلْەکە جێگیری بەخۆیەوە ببینیت، هەردەم ئیشـــیان لەســـەر پەرتکردنی یەکێتیی نـاو ئێـلْ و هۆزەکـانی کردووە، ئەمەش لە ڕێگەی هێرش و پەلامارەوە بێت، یاخود لە ڕێگەی پێدانی ئیمتیازات و خەلاّت و نازناو بێت بەســەرۆک هۆزەکـان، بۆنموونە: کـاربەدەســـــتـانی قـاجـاری نـازنـاوی (ئەمیر ئەلعەشـــــایر) و (میرپنچە)یان بە محەمەد ئاغای مامەش بەخشـــیبوو، هەروەها عوســـــمانییەکانیش نـازنـاوی (پـاشـــــا)یـان بە بـایەزید ئـاغـای مەنگوڕ بەخشـــبوو، تـاوەکو لەو ڕێگەیەوە بیـانکەنە شـــــوێنەکەوتەی دەولْەت و بەکـاریـانبهێنن بۆ دژایەتیکردنی هۆزەکـانی دیکە و لە یەکلایکردنەوەی کێشەی سنووری کەلْکیان لێوەربگرن.

٦- هەموو ئەو ســـیاســـەتانەی کاربەدەســـتانی هەردوو دەولْەتەکە بەرانبەر بە ئێلْی بلْباس پیادەیان کرد، زیانێکی یەکجاری زۆری بە ســــەرخان و ژێرخانی ئێلْەکە گەیاندوو، کاریگەری چارەنووسسازی بەسەر بونیادی هۆزایەتی ئێلْی بلْباسەوە هەبووە، بەجۆرێک کۆتـایی بە یەکێتیی هۆزایەتی بلْبـاس هێنـا و لەو شـــــێوازە ژیـانە کۆچەرییەش دوریخســتنەوە کە بەدرێژایی چەندین ســەدە لە باب و باپیرانیانەوە لەســەری ڕاهاتبوون، چونکە هەردوو دەولْەتی عوســـمانی و قاجاری بەردەوام کاریان لەســـەر ئەوە کردبوو، کە هۆزەکانی بلْباس لەناو خاکی خۆیاندا نیشــتەجێ بکەن و خاکەکەشــیان بە بەشـــێک لە خـاکی دەولْەتی خۆیـان هەژمـاربکەن، وایـان لێبکەن واز لە ژیـانی کۆچەری بهێنن و ژیـانێکی نیمچەجێگیر لە نـاوچەیەکی دیـاریکرودا بۆخۆیـان

پیادەبکەن، تاوەکو لەو ڕێگەیەوە بتوانن هۆزەکان جڵەوبکەن و باج و سەرانە و سەربازییان لیوەربگرن و لە فەرمانەکانی حکومەتی ناوەندی یاخی نەبن.

٧- سیاسەتی دەستێوەردانی دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاریی لە کاروباری هۆزایەتی ئێڵی بڵباس و دیاریکردنی سنوور لە سەروبەندی جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤) لەنیوان هەردوو دەوڵەتەکەدا، نەک هەر کۆنفیدراسیۆنەکەی لێکهەڵوەشاندەوە، بەڵکو بەوە هۆی لێکترازان دابەشبوونی هەرکام لە هۆزەکانی بڵباس لە نێوان خاکی عوسمانی (عێراق) و خاکی ئێران، بۆ نموونە: هەرکام لە هۆزەکانی مامەش و مەنگوڕ و پیران و سن و ڕەمک و گەورک بەشێک لە تیرە و بنەماڵەکانیان لەناوخاکی ئێران بە هەمیشەی جێگیر بوون و هاووڵاتیبوونی ئەو دەوڵەتەیان هەڵبژارد، بەشێکی دیکەشیان نیشتەجێبوونیان لەناو خاکی عوسمانی هەڵبژارد و نیشتەجێبوون.

٨- دەرئەنجامێکی دیکەی گرنگ ئەوەیە، کە هەرچەندە ئێڵ و هۆزەکان بڕبڕەی پشتی توانای ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی کۆمەڵگەی کوردی و شۆڕشەکانیش بوون، بەڵام هاوکات هۆکارێکی گەورەش بوون لەبەردەم پەرەسەندن و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگە، خاڵێکی لاوازیش بوون، کە هەردەم هەردوو دەوڵەتەکە لە ڕێگەی دەستێوەردان و بەکارهێنانی هۆزەکان ڕێگەیان لە دەرکەوتن و بە ئامانج گەیشتنی هەرجوڵانەوەیەک کردووە، کە لە دەرەوەی هۆزەکان یان لە ناوەندی شارەکان سەریهەڵدابێت.

**لیستی سەرچاوەکان:**

**یەکەم: بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکان:**

**أ- بەڵگەنامە عوسمانییەکان:**


1- BOA. A }MKT_MHM__486_28_2_1.
2- BOA. A_}MKT_MHM__486_28_7_1.
3- BOA. A_}MKT_MHM__486_28_8_1.
4- BOA. BEO_3468_260070_1_1.
5- BOA. BEO_3468_260070_3_1.
6- BOA. DH_MKT__136_77_3_1.
7- BOA. DH_MKT__136_77_4_1.
8- BOA. DH_MKT__136_77_5_1.
9- BOA. DH_MKT__1964_97_1_1.

10- BOA: DH_MUİ__107_1_2_1.

11- BOA: DH_TMIK_M___242_37_10_2.

12- BOA: HAT_813_37262_C_1.

13- BOA: HR_MKT__590_67_5_1.

14- BOA: ŞD__2550_34_1_2.

15- BOA: ŞD__2550_34_6_1.

16- BOA: ŞD__2550_34_7_1.

17- BOA: Y__PRK_ASK__99_14_1_1.

18- BOA: Y__PRK_ASK__99_14_1_2.

19- BOA: Y__PRK_ASK__99_14_1_3.

20- BOA: Y__PRK_EŞA__3_83_1_2.

21- BOA: Y__PRK_EŞA__3_83_1_2.

22- BOA: Y__PRK_EŞA__3_83_1_4.

23- BOA: Y__PRK_EŞA__20_20_3_1.

24- BOA: Y__PRK_EŞA__20_20_3_1.

25- BOA: Y_MTV00284_25_2.

**ب_ بەڵگەنامە قاجارییەکان:**

1- NLAI-295-7876-186.

2- NLAI-295-7930-51.

3- NLAI-296-13078-4.

**دووەم: کتێبە بەڵگەنامەییەکان:**

**أ- بە زمانی کوردی:**

**١- ڕەحمان، ئاشتی (وەرگێڕ). (٢٠٢١) پشدەر (مەعمورەی حەمیدیە) لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا، ١٨٥٨-١٩١٥زایینی، ئامادە و پێشکەشکردنی: نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، بەرگی سیانزە، بڵاوکراوەی زانکۆی جیهان، خانەی بەڵگەکان، هەولێر.**

**٢- ڕەحمان، ئاشتی (وەرگێڕ). (٢٠١٩) ڕانیە لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا ١٢٩٢-١٣٣٨کۆچی/ ١٨٧٥-١٩٢٠ زایینی، ئامادە و پێشکەشکردنی: نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، بەرگی حەوتەم، بڵاوکراوەی زانکۆی جیهان/خانەی بەڵگەکان، هەولێر.**

**٣- غۆریانس، ئەسکەندەر. (٢٠٠٧) شۆڕشی شێخ عوبیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەی ئەرمەنی دا، وەرگێڕانی: محەمەد حەمە باقی، بڵاوکراوەی دەزگای ئاراس، هەولێر.**

٤- عەزیز، جەمـال میرزا (وەرگێڕ). (١٩٩٩) لە تـاریکی یەوە بۆ ڕوونـاکی بەڵگەنـامەکـانی شۆڕشی ساڵی ١٨٨٠، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٥- گەڕووســـی، حەســـەن عەلی خانی. (٢٠٠٧) شـــۆڕشـــی شـــیخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنـامەکـانی قـاجـاریـدا، وەرگێڕانی: محەمەد حەمە بـاقی، چـاپخـانەی دەزگـای ئـاراس، هەولێر.

٦- ئەفشار، عەلی خان گۆنەخان. (٢٠٠٧) شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری لە بەڵگەنامەکانی قاجاریدا، وەرگێڕانی: محەمەد حەمە باقی، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.

٧- حمە باقی- أ، محەمەد. (٢٠٠٢) ڕاپەڕینی هەمزاغای مەنگوڕ لە بەڵگەنامەی قاجاریدا ١٨٥٤-١٨٨١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٨- حەمە بـاقی- ب، محەمەد. (٢٠٠٢) میرنشـــینی ئەردەڵان، بـابـان، ســـۆران لە بەڵگەنـامەی قاجاریدا١٧٩٩-١٨٤٧، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٩- حەمە باقی، محەمەد. (٢٠٠٧) کورد لە بەڵگەنامەی قاجارییدا (إفتتاح ناصـــری)، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.

١٠- جوەید، وەدیع. (٢٠٠٧) شـۆڕشـی شـێخ عوبەیدوڵلای نەهری لە بەڵگەنامەکانی ئینگلیزی و ئەمریکی دا، وەرگێڕانی: محەمەد حەمە باقی، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.

**ب- بەزمانی فارسی:**

١- نصـیری، محمد رضـا. (١٣٧١) اسـناد و مکاتبات تاریخی ایران قاجاریه، جلد سـوم، انتشـارات مؤسسه کیهان، تهران.

٢- وزارت امور خارجه جمهوری اسـلامی ایران. (١٣٧٠) گزید اسـناد سـیاسـی ایران و عثمانی دوره قاجاریه، جلد سوم، چاپخانه دفتر مطالعات سیاسی و بین المللی، تهران.

٣- وزارت امور خارجه جمهوری اسـلامی ایران. (١٣٧٠) گزید اسـناد سـیاسـی ایران و عثمانی دوره قاجاریه، جلد چهارم، چاپخانه دفتر مطالعات سیاسی و بین المللی، تهران.

٤- وزارت امور خارجه جمهوری اسـلامی ایران. (١٣٧٢) گزید اسـناد سـیاسـی ایران و عثمانی دوره قاجاریه، جلد ششم، چاپخانه دفتر مطالعات سیاسی و بین المللی، تهران.

**سێیەم: کتێبەکان:**

**أ- بە زمانی کوردی:**

١- داقووقی، ئیبراهیم. (٢٠١٢) کوردی تورکیا، وەرگێڕانی: هیمەت عەزیز کاکەیی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، دەزگای موکریان، هەولێر.

٢- کەریم، خالد مەحمود. (٢٠١٩) باشووری کوردستان لە کۆتاییەکانی سەردەمی عوسمانیدا، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

٣- دمۆرگان، ژاك. (٢٠١٢) کوردستان لە لێکۆلینەوەکانی ژاك دمۆرگاندا، وەرگێڕانی: سعید خضری و ئاسۆ عبدالرحمن، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

٤- لۆنگریک، ستێفێن هێمسلێی. (٢٠١٩) چوار سەدە لە مێژووی عێراقی نوێ، وەرگێڕانی: رەسوڵ بەختیار، بڵاوکراوەی ناوەندی ئاوێر، هەولێر.

٥- وانچ، سۆفیا ئێزابێلا. (٢٠١٤) پەرەسەندنی شوناسی نەتەوایەتی کورد و ئەگەرەکانی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، وەرگێڕانی: یاسین سەردەشتی، چاپخانەی کەمال، بڵاوکراوەی دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان، سلێمانی.

٦- برونەسن، مارتین ڤان. (٢٠١٠) ئاغا و شێخ و دەوڵەت، وەرگێڕانی: کوردۆ عەلی، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، بەرگی یەکەم، بڵاوکراوەی مەکتەبی بیروهۆشیاری(ی.ن.ک)، سلێمانی.

٧- جرارد، مانتێگیۆگیلبێرت. (٢٠٢١) یادداشتەکانی سەفەرێک بە نێو کوردستاندا، زستانی ١٨٨١-١٨٨٢، وەرگێڕانی: کەمال حەسەنپوور، وەشانخانەی مادیار، سنە.

٨- محمد، محمود احمد. (١٩٨٩) مێژووی هۆزی بڵباس لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ، بەرگی یەکەم، چاپخانەی تاڤگە، سلێمانی.

٩- بورزوویی، موجتەبا. (٢٠٠٥) بارودۆخی سیاسی کوردستان (١٨٨٠-١٩٤٦)، وەرگێڕانی: نازناز محەمەد عەبدولقادر ئەوانی تر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

١٠- خەلفین، ن. أ. (٢٠١٧) ململانێ لەسەر کوردستان، وەرگێڕانی: جەلال تەقی، چاپخانەی تاران.

**ب- بە زمانی فارسی:**

١- پاشا، درویش. (١٣٩٦) لایحه تحدید حدود ایران و عثمانی (١٢٦٦-١٢٦٨هجری قمری)، ترجمه از ترکی عثمانی: میرزا جهانگیرخان ناظم الملک مرندی یکانلو، انتشارات طهوری، تهران.

٢- صمدی، سید محمدی. (١٣٨١) طوایف و عشایر کرد، مؤسسه چاپ و انتشارات رهرو، مهاباد.

٣- معتمد الدوله، شاهزاده حاجی فرهاد میرزا. (١٣٦٧) زنبیل، بهمت: محمد رمضانی، چاپ دوم، ایران.

٤- فیضی، کیومرث. (١٣٩١) قیام شیخ عبیدالله شمزینی(نهری) در دورەی ناصرالدین شاه قاجار، انتشارات جوهر حیات، ایلام.

٥- محمود، محمود. (١٣٥٣) تاريخ روابط سياسی ايران و انگليس در قرن نوزدهم ميلادی، جلد چهارم، چاپ چهارم، انتشارات شرکت نبی اقبال و شرکا، تهران.

٦- فاضلی، ميرزا ابراهيم. (١٣٩٨) تاريخ مامش، مقدمه و تصحيح: کامران ثنائی، چاپخانه گوتار، سەقز.

٧- بيگباباپور، يوسف و غلاميه، مسعود. (١٣٩٠) فتنه شيخ عبيدالله کرد( گزارشهايی از وقايع حمله اکراد به صفحات اذربايجان در دوره قاجار)، چاپخانه فرشيوه، انتشارات موزه و مرکز اسناد مجلس شورای اسلامی، تهران.

٨-

ج- بە زمانی عەرەبی:

١- الضابط، شاكر صابر. (١٩٦٦) العلاقات الدولية ومعاهدات الحدود بين العراق وأيران، دار البصري، بغداد.

د- بە زمانی ئینگلیزی:

١- Amanat, Abbas. (2017) Iran A Modern History, Yale University Press, London.

٢- Cetinsaya, Gokhan. (2017) Ottoman Administration of Iraq 1890-1908, Published by Routledge, New Work.

٣- Ateş, Sabri. (2013) The Ottoman-Iranian Borderlands Making a Boundary 1843-1914, Cambridge University Press, United kingdoom.

چوارەم: لێکۆڵینەوە و گۆڤارەکارەکان:

بە زمانی عەرەبی:

١- إبراهيم، عبد ربه سكران. (نيسان ٢٠٠٧) تنافس الأمراء الأكراد على زعامة و موقف الدولة العثمانية منه، مجلة جامعة تكريت للعلوم الإنسانية، الجلد (١٤)، العدد (٣).

٢- الزبيدي، كريم مطر حمزة. (٢٠٢١) قراءة في معاهدة أرضروم الاولى ١٨٢٣ بين ايران والدولة العثمانية، مجلة متون، المجلد(١٤)، العدد(١).

## پەراوێزەکان:

(١) کورتکراوەی (BOA) لە دەستەواژەی (Başbakanlık Osmanlı Arşivi) وەرگیراوە، کە مەبەست لێی ئەرشیفی عوسمانی سەر بە سەرۆکایەتی وەزیرانی حکومەتی نوێی تورکیایە.

(٢) کورتکراوەی (NLAI) لە (National Library and Archives of Iran)( (ســــازمـان اســــناد و کتابخانەی ملی ایران) وەرگیراوە و مەبەســـت لێی ناوەندی بەڵگەنامە و کتێبخانەی نیشتیمانی ئێرانە.

(٣) ئەحمەد بەگ (کۆلۆنێل)، کە یاوەری جەنگی سوڵتان عەبدولحەمید بووە، دوای شکستی شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵلا و گەڕانەوەی بۆ ناوچەکەی خۆی، بە نوێنەرایەتی سوڵتان سەردانی شێخی لە نەهری کردووە، پاشان لەگەڵ شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبەیدوڵلا چوونەتە ڕەواندوز و دواتریش چوونەتە هەولێر و کۆبوونەوەیەکی فراوان لەگەڵ سەرۆک هۆزەکانی ناوچەکەدا، لەوانە هۆزی مەنگور و پیرانی بڵباس، کە لایەنگری شێخ بوون، سازکردووە، بڕوانە: ( گەڕووسی، ٢٠٠٧، ل٥٩، ٦٦، ٧٤).

(٤) شەهبەندەر: دامەزراوەیەکە هاوشێوەی کۆنسوڵخانەیە بەڵام ئاستی نزمترە و زیاتر ناوەندێکە گرنگی بەکاری بازرگانی و ئابووری دەدات و بەرگری لە شوێنکەوتووانی دەکات لەو ئەیالەتەی کە تێیدا بوونی هەیە.

(٥) بۆ بینینی ئەو زنجیرە تەلەگرافنامەیەی ئاغاکەی ئێڵی بڵباس بۆ کاربەدەستانی بالای عوسمانی لە ئەستەنبووڵی ناردووە، سەبارەت بە دەستدرێژی کاربەدەستانی قاجاری بۆ سەر موڵک و ماڵ و ژیانی بڵباسەکان لە ناوچەی موکریان، بە بیانووی لایەنگرییان بۆ دەوڵەتی عوسمانی و ملکەچ نەبوونیان بۆ دەوڵەتی قاجاری، بڕوانە بەڵگەنامە عوسمانییەکانی خوارەوە:

BOA: ŞD__2550_34_1_2; BOA: ŞD__2550_34_7_1.

(٦) بۆ زانیاری زیاتر و بینینی بەڵگەنامە عوسمانییەکان، سەبارەت بە پێکهێنانی لیژنەی هاوبەشی عوسمانی و ئێرانی بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەی نێوان هۆزەکانی بڵباس، بڕوانە:
BOA: DH_MKT__136_77_4_1; BOA: DH_MKT__136_77_5_1.

(٧) زنجیرە بەڵگەنامەیەکی عوسمانی، کە لە دەیەی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم لە لایەن کاربەدەستانی ئەو دەوڵەتە ئاراستەی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم کراون، تێیدا زانیاری تێرتەسەلیان سەبارەت بە ململانێی دەوڵەتانی عوسمانی و ئێرانی لەسەر ناوچە سنوورەیە بڵباس نشینە کێشە لەسەرەکان خراوەتە ڕوو، هەروەها ئاماژە بە دەستێوەردانی هەردوو دەوڵەتەکە لە کاروباری هۆزایەتی ئێڵی بڵباس کردووە بە ئامانجی بەکارهێنانیان لە کێشەی سنووری نێوانیان، بڕوانە:

BOA: Y__PRK_ASK__99_14_1_2; BOA: Y__PRK_ASK__99_14_1_3.

(٨) بۆ بینینی دەقی نامەی نێردراو بۆ سەرۆک وەزیرانی دەوڵەتی عوسمانی بڕوانە بەڵگەنامەی:
BOA: BEO_3468_260070_3_1.

بەڵام بۆ دەقی نامە نێردراوەکە، بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عوسمانی بڕوانە:
BOA: DH_MUİ__00107_00001_002_001.

# سياسة الدولتين العثمانية والقاجارية تجاه صراع قبائل بلباس

# (١٨٨١-١٩١٤)

**الملخص:**

تُطلق تسمية البلباس على اتحاد قبائل رعوية كوردية يضم قبائل منكور، مامش، بيران، سن، رمك وكورك ، وكانت هذه القبائل تعيش في جنوب كوردستان ( ضمن حدود الدولة العُثمانية ) وفي شرق كوردستان ( داخل حدود الدولة القاجارية ) . ويلاحظ المتتبع للحوادث أن قبائل البلباس كانت ذات تأثير كبير على مجريات الحوادث في المنطقة في النصف الثاني من القرن التاسع عشر بسبب ما كانت تتمتع به من قوة ومكانة بارزة . فقد قامت معظم قبائل البلباس بحركة مسلحة ضد الدولة القاجارية بقيادة حمزة منكور، وكان لهذه الحركة دور مؤثر لاحقاً في ثورة الشيخ عبيد الله النهري سنة (١٨٨٠)، ومن هنا عمل العُثمانيون والقاجاريون خلال السنوات (١٨٨١ – ١٩١٤) على تأجيج الصراعات بين قبائل البلباس لخلق التجزئة بينها، وبالتالي إضعاف الشعور القومي لديها، وفي الوقت نفسه حاول الطرفان العُثماني والقاجاري استغلال قدرات البلباس العسكرية والاقتصادية لمصلحتيهما فيما يتعلق بالنزاع حول المناطق الحدودية بين الدولتين العُثمانية والقاجارية.

إن هذا البحث ، الذي يُسلط الضوء على السياستين العُثمانية والقاجارية تجاه الصراعات بين قبائل البلباس ، يتألف من مبحثين، خُصص الأول منهما لدراسة التركيبة القبلية لاتحاد البلباس وأحوالها ، وتأثيرها على العلاقات بين الدولتين العُثمانية والقاجارية، أما المبحث الثاني فقد تابعنا فيه سياسة هاتين الدولتين على الصراعات فيما بين قبائل البلباس وأهداف تلك السياسة.

**الكلمات الدالة:** *بلباس، الصــراع القبلي، الدولتين العثمانية والقاجارية، مامش، منگور وپيران.*

## The policy of the Ottoman and Qajar states towards the conflict of the Belbas tribes (1881-1914)

**Abstract:**

The Belbas tribes, like other Kurdish tribes, has formed the political, economic and social foundation of Kurdish society for centuries, they were also the founders and backbone of the Kurdish emirates, Therefore, tribalism has been the direction of Kurdish history and Kurdistan and has had a great influence on the course of events in the region, In Kurdish society, the individual has found himself within his tribe and his personality and life have been protected. The decisions and policies of the tribal chief have represented the opinions of all members of his tribe.

If tribalism was a factor in strengthening, unity and preserving the members, culture and traditions of Kurdish society, it was also a factor in weakening and undermining the Kurdish emirates and They also prevented the emergence and development of any movement in Kurdistan that aimed to liberate society from the domination of tribalism, The Ottoman and Iranian states have been able to create constant conflict among the tribes and keep them away from unity and national thought, They also used them in the interests of the central government and took advantage of the military and economic capabilities of the tribes to resolve the long-standing conflict between the Ottomans and the Iranians, especially over disputed border areas, In the shadow of this policy and circumstances, we study the attitude of the Ottoman and Qajar states regarding the tribal conflict among the tribes of Belbas.

**Keywords:** *Belbas, tribal conflict, The Ottoman and Qajar states, Mamash, Mangur and Piran.*